رۆژنامەی دیدار

بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە دووەمین دیداری یەکێتیی.

پێنجشەممە 2025/3/6




یەکێتیی حیزبێکی رەسەن، خاوەن ئامانج و نوێگەرە. خەبات بۆ مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەکات و کار بۆ بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، ئاشتی، دیموکراسی و مافی چارەنووس دەکات.

هەڤاڵ ( بافڵ تاڵەبانی)

### بە دیدگایەکی نوێ بەهێزی و بەرەوپێشچوون و خزمەتگوزاری

# شەمەندەفەری دیدار گەیشتە گەرمیان- خانەقین



رۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٥/٣/٦ پێنجەمین کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ دووەمین دیداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گەرمیان و خانەقین لە شاری کەلار بەڕێوەدەچێت.

دیداری یەکێتیی وێستگەیەکی گرنگی ژیانی سیاسی یەکێتییە، بە بڕیاری هەڤاڵ (بافڵ تاڵەبانی) سەرۆکی یەکێتیی، هەڤاڵ ( قوباد تاڵەبانی) راسپێردراوە بە بەڕێوەبردنی دیداری یەکێتی.

دیدار لەلایەن لیژنەی باڵای یەکێتییەوە کارەکانی ئەنجام دەدات بە هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ ئۆرگانەکانی یەکێتیی لە ماوەی ئامادەکاری بۆ دووەمین دیدار ئەم کۆنفرانسانە سازکراون.

رۆژی ٢٠٢٥/٢/٢٥ بە بەشداری سەرجەم هەڤاڵان و لایەنگران و باقی چین و توێژەکان کۆنفرانسی دووهەمین دیداری یەکێتی لە پارێزگای نەینەوا دەستپێکرد.

رۆژی ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٥ کۆنفرانسی دووهەمین دیداری یەکێتیی لە پارێزگاری دهۆك دەستپێکرد، بە بەشداری سەرجەم هەڤاڵان و لایەنگرانی یەکێتیی، دیدارەکە ماوەی دوو رۆژی خایاند.

رۆژی ٢٠٢٥/٢/٢٦ کۆنفرانسی دووهەمین دیداری یەکێتیی لە کۆیە سازکراو بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو.

رۆژی ٢٠٢٥/٢/٢٧ چوارەمین کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ دووەهەمین دیداری یەکێتیی لە هەولێر سازکرا.

## دیداری یەکێتی بۆچی؟



قوباد تاڵەبانی

ساڵی ١٩٧٥ کە سەرۆك مام جەلال و هەڤاڵانی دەستیان بە خەباتی نوێی کوردایەتی کرد و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان دامەزراند، بە ئامانجی روونەوە هێڵە گشتییەکانی بیروڕای یەکێتییان داڕشت. ئەو کاتە، گفتوگۆی چڕی هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر بۆ ئەوە بوو کە یەکێتی بگاتە گەلالەی ستراتیجێکی پێشکەوتنخواز و دیموکرات و کوردانە لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کوردستان و روبەڕووبوونەوەی ستەم و تاوانەکانی دەسەڵاتی عێراق.

درێژە لاپەڕە( ٩ )

## هەتاکو دیدار، بەهیوای دیدار



سالار مەحمود

رێکەوتەکانیش گرنگن بۆ هەڵوەستەکردنی گونجاو، دۆزینەوەی راو رێگای شیاو. لە ڕەوتی کار بۆ گەیشتن بە ئامانجی ویستراو. دووەمین دیداری یەکێتی رێکەوتە لەگەڵ یادی ئاڵتوونی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی حزبی شەهیدان..

درێژە لاپەڕە( ١٠ )

## هەڵمەتی نەمام چاندن لە دیداری یەکێتیدا

مەڵبەندی گەرمیان بە هاوکاری رێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان لە شاری کەلار و رزگاری هەڵمەتی نەمام چاندن ئەنجام دەدات.

رۆژی ٢٠٢٥/٣/٦ کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ لە کەلار و کاتژمێر (١)ی پاشنیوەرۆ لە شارەدێی رزگاری بە بەشداری ژینگەپارێزان و هەڤالانی یەکێتیی، ئەم چالاکییە بەشێکە لە هەڵمەتی ساڵ بۆ سەوز کردنی گەرمیان و رووبەڕووبونەوەی بە بیابان بوون.

شایەنی ئامارەپێدانە لە ماوەی ساڵێکدا مەڵبەندی گەرمیان هەزاران نەمامی چاندووە بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژینگەپارێز.






عیماد ئەحمەد

ئەوەی لەسەر دیداری یەکێتی پێویستە 8



دکتۆر یوسف گۆران

دیداری حیزب 3



جەمال حسێن

لەرووی زمانەوانییەوە (دیدار) 7



دونیا غەفار

دووەمین دیداری یەکێتی و پرسی ژن 6



دکتۆر لوئەی جاف

شتێك دەربارەی دیداری یەکێتیی 5



هاوژین شکور حەمید

دیدار بەرەو پێشکەوتن 6

# دیدار .. گیانی جۆشدان بەبەریەکێتیدا دەدات



**فەهمی بورهان**

وا جارێکی تر یەکیتیە بە پەرۆشەکانی سنوری بادینان لە دووم کۆنفرانسی خۆیان کۆبونەوەتەوە بۆ ئەوەی پێکەوە تەکبیر لە سیاسەتی داهاتووی حزبەکەیان بکەن هەروەکوو چۆن سەرۆك بافڵ فەرمووی دیدار گیانی جۆشدان بەبەر یەکێتیدا دەدات لە هەموو بوارەکانی خەباتی ڕێخراوەی و جەماوەری دیدگای حوکومڕانی و خزمەت و نوێکردنەوە بیرو ڕا ئالۆگۆر کردن گرفتەکانی خۆمان دەستنیشان بکەین هەڵسەنگاندن بۆ لایەنە گەشەکانی کاروانی نیوان دوو دیدار بکەین بە بنەماو بەرنامەی ورد ببێتە ڕێنوینی و بەهێزبون و خزمەتی لەمەودوامان ئەم دیاردە حزبیە ناوازەیە شایستەی پێشخستنە ئەمەش هەر بەوە دەکریت هەموومان بە جدییەوە بە شداری گەرم و گووڕ لە دانیشتنەکانیان بکەین بەدڵ و بەگیان ڕاسپاردە و پێشنیازەکانیان بنووسینەوە گلاڵەی بکەین، دوێنی دیدار لە موسڵ بو، ئەمڕۆش لە دهۆك بەجۆش و خرۆشەوە دەکرێت، ئەمەش بەڵگەیە کە یەکیتی نیشتمانی کوردستان بایەخی دەڤەری بادینان باش دەزانێ مەبەستی خەباتی ڕەوامان ڕێکخستنی ڕتەومان، و تێکۆشانی جە ماوەری و دیموکراتیمان لە ئاست خواستی ئەندێشەی دێرینی سەرۆك مام جەلال دابێت.

بۆ سەرتاسەری کوردستان لە ئاستی خواستی پێداگیری کارنامەی جاکسازی ڕاستکردنەوی ڕێڕەوی ئەم ڕۆی یەکیتی بیت بۆ خزمەت کردنی گە لە کە مان بۆ سەرتاسەری وڵاتدا ئەم ستراتیژیە دروست و ڕە سەنەش هەر بە بیرکردنەوەی هەموو هە ڤاڵان دابین دەبیت دیاداری یەکێتیش مە یدانی کاری گەریمکۆبیر کردنەوەی بە فعلی بەتایبەتیش کە کۆنگرەی بینجەمی یەکیتیەکەتان شەرعیتی ڕێخراوی داوەتە ئەم دیدارە وەك پایەکی سەرەکی کار چالاکی حزبایەتی دەیناسینی بگرە ڕاسپادەو ئەدەبیاتەکانی کە لە دیداری پێشودا کە هەموو مان پێکەوە پە سنمان کرد بوەتە بەشێکی سەنگینی پەیڕەو پرۆگرامی ئیستامان دڵنیاش بن بیرۆکە کانی ئەمڕۆتان دەبیتە بناغە بۆ سیاسەتەکانی داهاتوو.

# ديداري يەکێتی.. وێستگەیەکی نوێی پێشخستنی سیاسی لە کوردستان



**سەلام شەهید فەتاح**

لە پێشکەوتنە خێراکانی ئەمڕۆی جیهاندا هەموو کا یەکانی ژیان زۆر بەخێرای تێپەڕ دەبن و گۆڕانکاریان بەسەردا دیێت، سیاسەت و پارتە سیاسیەکانیش بەدەر نین لەم گۆڕانکاریە خێرایانەو خۆ گونجان لەگەڵ پێداویستیەکانی قۆناغ.

حیزب" وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی سیاسی و کارگێڕی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان دە سەڵات و هاوڵاتیان و ئەوانەی خوازیارن بە شداری سیا سیان هەبێت و بە شدار بن لە ناوەندی بڕیار و هەستکردنی تاك بە کاریگەریەکانی خۆی لەسیاسەتی گشتیدا.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو ئەبدەیتە سیاسیە خێرایەی کە هەیە، لە ڕێگەی(دیدار) ەوە کە مۆدێلێکی نوێی ناوخۆیی سیاسی یەکێتیە دەیەوێ لەکەڵ ڕووداوە خێراکاندا خۆی بگونجێنێ و خۆی نوێ بکاتەوە و بەشداری سیاسیی دروست بکات لە وەرگرتنی پێشنیار و ڕای کادران و جەماوەرەکەی بکاتە بنەماو نەخشە ڕێگا بۆ بەشداری دروست کردنی بڕیار.

ئەگەر چی (کۆنگرە، پلنیۆم، کۆنفراس ) بەشداری سیاسی دیموکراسیانەی نوێنەرایەتی بێت ئەوا دیدار بەشداریەکی سیا سی دیموکرا سیانەی ڕا ستەوخۆیە کە ئۆرگان و سەرکردایەتی و کادران بەشداری ڕاستەوخۆی تێدەکات .

لە ئامانجە سەرەکیەکانی دیدار ڕێکخستنەوەو چالاکترکردنی ئۆرگانەکانە بەپێی واقعی نوێ و دروستکرسنی یەك تیمیە لە هەموو ئۆرگا نە کانی یەکێتی لە حزب و حکومەت و پەرلە مان لە عێراق و کوردستان. گەڕانەوەی (متمانەی سیاسی)ە بە پێکهاتەی سیستمی سیاسی لە دا مەزراوە فەرمیە کانی دەسەڵاتی ( یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ) و دەسەڵاتە نا فەرمیەکانی ( پارتە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و گروپی فشار و میدیا ) کە خزمەت بە خەڵك بکات و یەکێتی سەرمەشق بێ لەو خزمە تا نەدا. چونکە کارو ئەدای ئەم دا مەزراوا نە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لە سەر متمانەی سیاسی، دیدار دیراسە و لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی قۆناغ بە قۆناغە لە ئاریشەکان و کێشە سەرەکیەکان کە پەیوەندی بە باشتر کردنی ژیانی سیاسی و ئابوری تاکە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دۆزینەوەی کلیلی چارەسەرە بۆ ئەو ئاریشانە و گەڕانەوەی متمانەیە بە پەرەپێدانی بە خزمەت و ناسنامەی نەتەوەی و ئەو فرەیەی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، جگە لەوەش بەدوای ئەو چارەسەر گونجاوەنەدا دەگەڕێت کە دەبێتە بنەما لە بونیادنانی سیستەمێکی سیاسی هاوچەرخ کە شەفافیەت و لێپرسینەوە و پێشخستنی کۆمەڵایەتی لە پێشینەی کارەکانی بێت .

پرۆسەی ئە نجا مدانی دیداری یەکێتی تەنها مومارەسەو ئەرکێکی دیموکراسی و مەدەنی نیە بەتەنیا، بەڵکو میکانیزمێکی گو نجاوی ژیانی حزبیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا هاتووە بۆ متمانەو دڵنیابوونی کادرو هەڤاڵان لە بەشداری کردن لە دروست کردنی بڕیار و هە ما هەنگی کردن و دانانی بنا غە یەکی نوێ و گشتی بۆ حکومڕانیەکی پێشکەوتوو پتەو کە ڕێگا بۆ ئایندەیەکی گەش و دوارۆژێکی باش خۆش دەکات بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان. لە ڕێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.

## دیداری یەکێتی و ڕاگەیاندن



**ئاسۆاحمد**

ڕاگەیاندن یەکێکە لەبابەتە گرنگەگانی ئەمڕۆی کۆماڵگا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردش بەتایبەتی، کەخاوەنی کاریگەرترین و بەهێزترین ئیرادەی گۆڕانکارییە لە نەخشەی ڕووداوەکاندا. بێگومان لەکاری ڕێکخراوەیی و هاوکێشەی سیاسیشدا ڕاگەیاندن یەکێکە لە ئامرازەزەگرنگ و پێویستەکان.

لەمێژووی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کورد ستاندا لە شاخەوە بۆ شار ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی هەبووەوشان بەشانی شۆڕشی چەکداری بەشێکی گرنگبووە لەسەرکەوتنەکانی یەکێتی و خەباتەسیاسیەکەی. بەڵام لەجیهانی ئەمڕۆدا ڕاگەیاندن گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە و لەهەموو بوارەکاندا پێشکەوتنی گەورەی تۆمارکردووە، ئەوەی لێرەداگرنگەو هەندێجاریش جێگەی پرسیارەلەپاڵ ئەم پێشکەوتنە گەورەیەیی ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیادا یەکێتی تاکوێ خۆی گونجاندووەو بەرنامەو کارنامەی خۆی جێکردووەتەوە. ئایا لەئێستادا یەکێتی وەك جاران و سەردەمی شۆڕش ڕاگەیاندنی کردووە بەئامرازی سەرکەوتنەکانی؟ یاخود بەراورد بەجاران پاشەکشەیکردووە لەپرسی ڕاگەیاندندا؟

لەم سالانەی دووایدا یەکێتی ڕەخنەی زۆری لەسەر ڕاگەیاندن لێدەگیراو هەمیشە ڕاگەیاندنەکەی بەست و لاواز وەسفدەکرا ئەگەرچی ئێستا هەندێ گۆڕانکاری کردووە بەڵام هێشتالاوازەو لە ئاستی پێویستدانیە بە تایبەتی لەئۆرگانەکانی خوارەوەداولەسەرئاستی مەڵبەندەکان پێویستی بەگۆڕانکاری و چاکسازی و نوێگەرییە. پێویستە لەوبارەیەوە زیاتر بایەخ بەکادری بەتوانای بواری ڕاگەیاندن و خەڵکی خاوەن ئەزموون بدات خۆی لەگەڵ میدیای سەردەمدابگونجێنێ و کارلەسەر پێشهاتەنوێیەکاندابکات لەسەربنەمای پسپۆڕی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن دابەشبکات.

دیداری یەکێتی
ملتقی الإتحاد
PUK FORUM
٢٠٢٥

# دیدی یەکێتی و نوێبوونەوە



**فاتح سەمەد مەجید**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە ئایدیایەکی نوێ و سەردەمیانە هاتووەتە نێو گۆڕەپانی خەباتێکی گشتگیر کە لە گەڵ هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وێستگەکانی ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و پێشڕەوایەتی بەرجەستە بکات ، لە هەموو سەردەمێکدا بە هزر و دیدگای نوێیەوە هەنگاوی بەرەو پێش چوونی ناوە و بۆتە حیزبێکی جیاواز و سەردەم لە نێو گۆڕەپانی سیاسی و مەدەنیی دا دەرکەوتووە و ئەو تەوقە کلاسیکییە باوە بشکێنێ ، بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی تەواوی ئەو ڕاسپاردانە و بیرو بۆچوونانەی کردە وێستگەیەکی نوێ خەبات لە دیوێکی نوێگەریدا گرێ داو و دۆخێکی لە بار و گونجاوی دەستەبەر کرد . ئەوەی مەبەستە و پێویستە وەکو خۆی قسەی لە سەر بکەین ئەو یەکێتییە کە لە سەردەستی سەرۆک ( باڤڵ ) لە زەمەنێکی کورتدا بونیادنراوەترو و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ئاراستەی بەرەو پێشچوون و ڕێکخستنەوەی زیاتر هەنگاو دەنێت .

لەم قۆناغەی ئێستا بە بەشداری هەڤاڵان و کادرانی یەکێتی لە خستنە ڕووی دید و بۆچوون و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی گەشی یەکێتی لە چوارچێوەی دیداردا بۆ خۆی هەنگاوێکی گرنگ و بە جێیە لە ڕێکخستنەوەی پەیکەری حزب و دارشتنەوەی سیاسەتی یەکێتی لە سەرجەم بوارە جیاوازەکان .

# یەکێتی ئەو هێزەی تەمەنی خۆمان پێ بەخشی



**مەحمود سەنگاوی**

سەردەمی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و خەباتی شاخ سەخترین قۆناغی خەباتی میللەتەکەمان بوو، یەکێتی بە ڕابەرایەتی سەرۆک مام جەلال شانیدایە بەر ئەو قۆناغە دژوارو نا ڕوونە. بەڵام خۆنەویستی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنە زیندووەکەی توانی دڕ بە هەموو کۆسپ و کەلێنێکی داگیرکەرو نەیار بهێنێ و کاروانی شۆڕشمان گەیاندە ڕاپەڕین و ئازادی کوردستان.

لە شاخیشدا بابەتی نوێبونەوەی ڕیزەکان و ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و گفتوگۆی پرسەکانی ناوخۆو کوردستان و عیراق و ناوچەکەش بابەتی گەرمی یەکێتییەکان بوو.

ئێستا سەردەمەکە گۆڕاوە یەکێتی کە حوکمڕانە لە کوردستان و عیراق و مەسئولیەتی ژیانی خەڵك و ئاسایشی خەڵکی لە ئەستۆیە لە جاران زیاتر پێویستی بە خۆ سازدان و بەهێزی هەیە.

ئەم دیدارەی ساز دەکرێت کارێکی باشە هیوادارم دەستنیشانی کەموکوڕییەکان بکرێت و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

ئێمە ما نان کە هەموو تەمەن و ژیانی خۆمان بەم ڕێبازو ڕێگایە بەخشی لە جاران زیاتر پەرۆشی بەهێزیی و سەرکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین، ئومێدەوارم ئەم نەوە تازەیەی سەرکردایەتی یەکێتی دەکەن بەسود وەرگرتن لە خەبات و کۆششی سەرکردەو تێکۆشەرە بەئەزموونەکان ئەرکەکانی ئەم قۆناغە باش ڕاپەڕێنن.

# دووەمین دیداری یەکێتی و پرسی ژینگە لە گەرمیان



**یاسین حەمەئەمین**

بەهۆی خۆشەویستیمان بۆ ژینگە بەگشتی و ژینگەی گەرمیان بەتایبەتی هەوڵی زۆرمان داوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك و دانیشتوانی ئەم جوگرافیایەی کە پێی دەوترێت گەرمیان .. سالانێکە بەهەوڵی تاکە کەسی و چ بەشێوازی گروپ بەردەوامین لە پاراستنی ژینگە و قسەکردن لەسەر سەرچاوەکانی پیسبوونی ژینگە ، هاوکات لە پێناوی زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە سنوورەکە و زیارتیش لە ناحیە خۆشەویستەکەمان بە هاوکاری خەڵکانی دڵسۆز بەردەوامین لە چاندنی نەمام و درخت.. ئێستاش کە بەرەوە دووەمین دیداری یەکێتی دەچین لەگەرمیان هیوادارم ژینگە و ژینگەپارێزی لە تەورە گرنگەکانی دیدار بێت و یەکێتی بەرنامەی خۆی گەڵاڵە بکات بۆ پاراستنی ژینگەی گەرمیان و زیادکردنی ڕووبەرەکانی سەوزایی لە ناوچەکەمان و لەمبارەیەوە پرس و ڕاوێژ بە شارەزایان و دڵسۆزانی ژینگە بکرێ لە سنوورەکە.

# دیداری حیزب..

## ڕێبازێکی نوێ بۆ بەشداریکردن و بڕیاردان



**د . یوسف گۆران**

دیداری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نوێنەرایەتی هەنگاوێکی نوێ و گرنگ دەکات لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەناو حزبدا، و دەستپێشخەرییەکی بێ وێنەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە. ئەم بیرۆکەیە لە وەڵامی ئەو گۆڕانکارییە خێرایەدا هات کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، کە پێویستە لایەنە سیاسییەکان بە میکانیزم و ئامرازە کانی کارکردنیان بۆ کارلێککردن لەگەڵ واقیعی نوێدا بچنەوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەك حیزبێکی خاوەن مێژوویەکی دووردرێژی خەباتی سیاسی، درك بەوە دەکات کە وەڵامدانەوەی ئەم گۆڕانکاریانە پێویستی بە هەنگاوی بوێرانە و داهێنەرانە هەیە و مەکۆی حیزبیش وەك چوارچێوەیەك دێت کە ڕەنگدانەوەی ئەو دیدەیە..

ئامانجی سەرەکی دیدارەکە تەنیا بڕیاردانی حزبی نییە، بەڵکو بکرێتە فەزای ڕاستەقینە بۆ ئەوەی کادرانی حزب بەشداری لە داڕشتنی ئەو بڕیارانەدا بکەن، ئەمەش هەستی سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی لەناو حزبدا بەرز دەکاتەوە.

چیتر ناکرێ بڕیارەکان لە بازنەیەکی تەسکی سەرکردەکاندا سنووردار بکرێن، بەڵکو دەبێت هەموو تاکێکی ناو حزب ڕۆڵی هەبێت لەو ڕێگایەی یەکێتیی نیشتمانیی لە داهاتوودا دەیگرێتە بەر. ئەم هەنگاوە ڕەنگدانەوەی خواستی حیزبە بۆ دامەزراندنی ڕێبازێکی نوێ لەسەر بنەمای بەشداریکردنی فراوانترین بنکەی ئەندامانی لە بڕیاردان، لەبری سەپاندنی دیدگای ئامادەکراو بەبێ گفتوگۆی ناوخۆیی.

# گەرمیان لە ئاستانەی دیداری یەکێتیدا..



**ڕێبوار ئەحمەد محەمەد**

دیدار وەکو نەریتێکی نوێی خەباتی مەدەنی هەنگاوێکیتری یەکێتیە بەئاراستەی نوێکردنەوەی فەلسەفەو دیدگای حیزبایەتی بە میتۆدی نوێ و میکانیزمی سەردەمیانە، ئەوەی دیدار جیادەکاتەوە لە کۆنگرەو کۆنفرانس و بۆنە حیزبیەکانیتر ئەو ستراتیژەیە، کە پرۆسەکەی لەسەر بونیادنراوە وەکو بەشدارییپێکردنی تەواوی کادیران و شارەزاییان و ئەکادیمیست و چینی ڕۆشنبیر بەبێ لە بەرچاوگرتنی باگراوەندی حیزبی و پلە و پۆست و سانسۆر، ئەمەش هەنگاوی بوێرانەو بازدانی گەورەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج و نوێبوونەوەی فەلسەفەی کاری سەرجەم ئۆرگانەکانی یەکێتی تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت بە دیدی نوێ و کاری نوێتر گرێتیدبداتەوە بە خۆی و قۆناغ بە قۆناغ بە هێزتر لە پێشووتری دەربکەوێت لە ژیانی کاری سیاسیدا، ئەوەی گرنگە لەکارنامەی دیداری دووەمدا هەڵوەستەی جددی لەسەربکرێت چۆنیەتی وەربەرهێنانە لەتوانای گەنجان و ئەزموونی کادیرە دێرینەکان بۆ ئەوەی لەڕابردوو و لەئێستا داهاتوویەك بونیادبنرێت لەئاست مێژوو و پێگەی یەکێتیدا بێت و توانای پەرەپێدان و گەشەی بەردەوام و بەرەوپێشچوونی حیزب و ڕووبەڕوبوونەوەی ئاستەنگ و لەمپەرەکانی هەبێت لەوێستگەکانی ئایندەدا.

گەرمیان تایبەتمەندی و گرنگی و جیاوازی هەیە چونکە ئەم سنوورە بە درێژایی مێژوو بە پرۆسەی(داگیرکاری و وێرانکاری و تەعریب و ڕاگواستن) و لەسەروی هەمووشیانەوە (ئەنفال)دا تێپەڕیوە بەڵام تێکۆشان و جوامێری و نەبەردی خەڵکەکەی و ئەو فیکرو بیروباوەڕە نیشتیمانیەی لە هزریەتی دانیشتوانەکەی هەبووە ڕێگربووە لە بەئەنجام گەیشتنی مەرام و پیلانی دوژمنکارانەی ناحەزان، هەر بۆیە لە ئێستادا گەرمیان ناوەندێکی گەورەو بەرفراوان و ستراتیژیە و بە شێکی گرنگ و زیندووی کوردستانە و پێگەیەکی گرنگ و پڕبایەخی هەیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەو نەش و نمای زیاتر دەکات، ئەگەر لەڕووی کاری ڕێکخراوەییشەوە هەڵوەستەیەك بکەین ئەوا بێگومان گەرمیان بەشێکی گەورەی مێژوو و خەبات و شۆڕش و شانازیەکانی یەکێتی پێکدەهێنێت و لەپاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش گەرمیان هەمیشە قەڵای پتەوەو هێزی لەبن نەهاتوو و پشتیوانییەکی گەورەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووەو لەقۆناغی ئێستاشدا هەر هەڵگری ئەو شوناس و واقیعەیە بۆ یەکێتی.

لێرەدا بە زەرورەتی دەزانین لە دیداری ئەمجارەدا پانتاییەکی زۆر و فراوان بۆ پێشنیارو بۆچوون و پرۆژەی کادیران و کەسانی شارەزاو و ئەکادیمی و چین و توێژە جیاوازەکانی گەرمیان فەراهەم بکرێت، تا لەوڕێگەیەوە دڵسۆزان و خەمخۆرانی ئەم سنوورەش شانبەدەنە ژێر بەرپرسیارێتی و بەشداربن لەڕەنگرێژکردنی سیاسەتی داهاتووی حیزبەکەیان، چونکە

> بە زەرورەتی دەزانین لە دیداری ئەمجارەدا پانتاییەکی زۆر و فراوان بۆ پێشنیارو بۆچوون و پرۆژەی کادیران و کەسانی شارەزاو و ئەکادیمی و چین و توێژە جیاوازەکانی گەرمیان فەراهەم بکرێت

خوێندنەوەی واقیعی ئەمڕۆی ژیانی سیاسی بۆ یەکێتی لەلایەن گەرمیانیەکانەوە تین و تەوژم و هێزو تێزی بایەخدار دەداتەوە بە یەکێتی بۆ ئایندەسازی حیزب لە داڕشتنی شێوازی کارنامەی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی یەکێتی لە داهاتوودا.

بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بەرنامەی کۆنفرانسی ئامادەکاری بەرەو دووەمین دیدار چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

١.پێویستە یەکێتی لەهیچ قۆناغ و سەردەمێکدا لە خۆنوێکردنەوەو هەوڵدان بۆ بەرەوپێشچوون نەوەستێت و نەهێڵێت توشی وەستان و مت بوون بێت، لەئێستادا کە یەکێتی بە شێوەیەکی باش خۆی کۆکردوەتەوە و تائەندازەیەك دەستی بردووە بۆ چاکسازی لە زۆرینەی ئۆرگانە حزبیەکانیدا پێویستە ئەم هەنگاوە بەردەوام بێت تا نەهێشتنی ئەو گرفتانەی، کە ڕێگە لەزیاتر بوژانەوەی دەگرێت.

٢.ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە یەکێتی لەکۆتا دوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بەڵام ئەمە نابێت ببێتە هۆکاری وەستانمان لە هەنگاوەکانی خۆنوێکرنەوەو گۆڕانکاری لە ئۆرگان و پۆستەکان، چونکە سەرکەوتن پرۆسەیەکە بەردەوام پێویستی بە پەرەپێدان و هەوڵدان و هەنگاوی کردەیی هەیە بۆ ئەوەی پاشەکشە درووست نەبێت.

٣.دیدار دەرفەتێکی گرنگە بۆ دانانی ستراتیژ و بەرنامەی یەکێتی لە چەند ساڵی داهاتوودا بۆئەوەی وەك حیزبێکی تۆکمەتر و بەرچاوڕونتر ئامادەبین بۆ کاری ئێستا و ئاینده و پەرەپێدانی پەیوەندیە نێودەوڵەتی و جڤاکی و سیاسیەکان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرو کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگ و گەیشتن بە یەك ملیۆن دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بۆ ئەوەی بە دەنگێکی زوڵاڵترو بڵندتر داکۆکی لە مافی ڕەوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات لەهەرێم و بەغدا.

٤. ئەمجارە گەرمیانیەکان جیاوازتر لەدیداری پیشوو لەپێشوازی کۆنفرانسی دیداردان ئەمەش بەهۆی ئەو زەمینەیەی، کە ڕەخساوە بۆ بۆگۆرنکاری ڕیشەیی لەسەرجەم کایەکانی حیزبی و حکومی، بۆ ئەوەی لەگۆڕاذکاریەکاندا جەخت لە پێویستی خزمەتکردنی خەڵکی ئەم سنوورە بکرێتەوە و پشك و تایبەتمەندیان لەبەرچاو بگیردرێت، کە بارتەقای ئەو خەبات و قوربانیدانە بێت، کە لەسەرەوە باسمانکرد.

لەکۆتایدا هیوادارین دیدار وەڵامگۆی خواستی گەرمیانیەکان بێت و ڕاو سەرنج و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس بەهەند وەربگیرێت و کاری ڕژدی لەسەر بکرێت، تا چیتر گەرمیانیەکان هەست بەپەراوێزخستنیان نەکەن.

## دیدار وەك پێویستیەکی قۆناغ

لەم سەردمی کرانەوەی جیهانەدا بەڕووی تەکنۆلۆژیاو بازاڕی ئازاد و کاڵبونەوەی سنورەکان ، ڕێکخراوی سیاسی کە ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵگایی لە ئەستۆدایە زەرورتێکی حەتمیە بۆ خۆسازدان و نوێبوونەوە ئابدەیتکرنی نەهج و بەرنامەی کاری بە ستاندارکردنی مۆدێلی نوێنی نەزمی جیهانی .. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك حزبێکی هەڵقوڵاوی ناو هەناویی جەماوەر لە هەر پارت و ڕێلخراوێکی تری سیاسی زیاتر پێویستی بە خۆ نوێکردنەوە یە لە ئان و ساتی ئێستادا !

بۆیە کۆنگرەو کۆنفراسی مەکتەبەکان و هەر چالاکیەکی تری ڕێکخراوەی ڕەنگە توانایی وەڵامدانەوەی ئەم قۆناغەی نەبێت بۆ وەڵامدانەوەی خواستی جەماوەرەکەی.

بۆیە باشترین بژاردە دیدارە لە ئێستادا وەك درێژکراوەی دیداری سێ ساڵی ڕابردوو کە بەشێك لە کەلێن و ئەو بۆشاییانەی پرکردەوە کە کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی دوای کۆنگرە نەیتوانی پڕی بکاتەوە .. ئەقڵیەتی بەڕێوەبردنی دیدار و فۆڕمەلەکردنی ئەو ئایدیانەی کە ڕێکخراوە سەرکەوتوەکانی جیهان لەسەری خۆیان بنیاتناوە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بیرۆکەی دیدارو ئەنجامدانی بۆ ڕێکخراوێکی وەك و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژەی ڕوونە بەرەو سەرکەوتن .

**سەیوان شەهید خەلیل**



دیداری یەکێتی..دیدارێکە تیایدا هەموو هەڤاڵان و کادرانی یەکێتی لە ئۆرگانەکان بە هەماهەنگی و کۆدەنگی ئەرك پێدراو دەبن کار لەسەر ڕێك خستنەوە وهەستانەوە و بەرنامەیەکی ستراتیجی ڕێکخراو دەکەن.

**ژیلوان شێرزاد باوەنووری**



# شتێك دەربارەی دیداری یەکێتی



**دکتۆر لوئەی جاف**
پاریس

Université déte - Summer School

لە ئۆروپا، حزبە سیاسیەکان، سالأنە لە کاتی پشـــووی هاوین (مانگی تەمموز یان ئاب)، دیداری خۆیان سازدەکەن بە ناوی (دیـداری هـاویـن). لـەو دیـدارە، بـە شێوەیەکی مەنهەجی، بە فیکر و پرۆژەی حزب دەچـــنـەوە لـە هـەموو بوارەکـان (سـیاسـەت، ئـابوری، پـەروەردە، تـەندروسـتی، ژیـنگـە، کـێشـە کۆمەلأیەتیەکان، دبلۆماسـیەت، بوارە تەکنۆلۆجیەکان هتد..). جگە لە ووتارە گشـتیەکان کە سـەرکردەکانی حزب پێشکەشی دەکەن وەکو هێڵی گشتی، لە بوارە جیاجیاکان، کەسـانی پسـپۆر بانگهێشت دەکرێت بۆ پێشکەشکردنی و شیکردنەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان.

دیداری هـاوینـان، دەرفـەتێکیشـە بۆ پتـەوکردنی پـەیوەنـدی سـیاسـی و کۆمـەلأیـەتی و ڕوحی هـەڤـالأنـە. بۆیـە دەبینین، لە دوای تەواوبوونی پانێلەکان، هەموو ئێوارانێك، سـەرکردەو ئەندامان پێکـەوە تـا دەرنگـانی شـەو بـە دەم موناقەشـە و گفتوگۆوە، نان دەخۆن و تا درەنگانێکی شـەو پێکەوەن و سـاتێك لە شێوەی ئاهەنگ گێڕان بە سەر دەبەن.

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتو، یەکێتی وەکو نەریتێکی نوێی حزبایەتی لە کوردسـتان، دوەمین دیداری ڕێکبخات کە تیادا پرۆژەی داهاتووی خۆی دارێژێت سـەبارەت بە ژیانی حزبی و دیدگای بۆ حکومڕانی.

ماوەتەوە بزانین دیدارەکە چـەند ڕۆژ دەخایەنیت ؟

ئەو بابەتانە چین کە دەخرێنە بەر باس و گفتوگۆ ؟

پـرۆفـایـلـی قسـەکـەرەکـان وئەنفلوەنسەرەکان ؟

بە نیسبەت بەندەوە، پێمخۆشە ئەم هەلە بقۆستمەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دیدار و بەشـدرابووان بۆ بابەتی تکنۆپۆلیدیك (تەکنۆلۆجیا و پۆلیتیك و کاریگەریەکانی) وەکو بابەتێکی نوێ کە لە سالأنی داهاتوو ڕۆلێکی گەورە دەبینێت لە گۆڕانکاریەکانی جیهان.

شـۆڕشـی تەکنۆلۆجی و ئایندەلە دوای چـەندین سـەدە لە دواکەوتن، بە تایبەتی لە دوای سـەدەکانی ناوەڕاسـت، هێدی هێدی پرۆسـەی ئـازادکردنی عـەقـلّ و پشـتبەسـتن بە مەعریفە دەسـتیپێکرد لە ئۆروپا. ڕێنسانس و بوژاندنەوە لە چەندین بواری ژیان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی. شـۆڕشـی پیشـەسـازی یەکەم لە سـالّی ١٧٦٥ دەسـتی پێکرد و یەکسـەدەی خایاند. گرنگترین دەسـتکەوتەکانی، داهێنان و بەمیکانیکیکردنی چـاپەمەنی بوو. واتا هەرزانبوون و زۆربۆنی کتێب و بلـاوکراوەکـان، گۆڕینـەوەی بیروڕا بـە ئاسـانی و بە خێرایی. دوا بە دوای ئەوە، شۆڕشی پیشەسازی دوەم لە سالّی ١٨٧٠ دەسـتیپێکرد، بە هەمان شـیوە، ئەم شۆڕشەش یەك سەدەی خایاند. گرنگترین داهێنانەکانی، کارەبا بوو وەك سەرچاوەی وزەبەخش. وزەی کارەبا ڕۆلێکی گەورەی هەبوو لە سەرهەلّدانی شارستانیەتی نوێ و شـارە گـەورەکـان. بـۆ نمـوونـە، سـەنتڕاڵەکانی کارەبا یارمەتیدەر بوو بۆ گەشـەسـەندی شـارێکی وەك نیویۆرك لـەڕووی پـانتـایی جوگرافی و ژمـارەی دانیشـتوان. لـە گـەلّ داهێنـانی وزەی کارەبا، تیلیگراف، تەلەفۆن، تەلەڤزیۆن وقـەتـاری کـارەبـایی هتـد.. بوون بـە پێویسـتیەکانی ژیانی ڕۆژانە و کاریگەری ڕاسـتەخۆیان دروسـتکردن لە سـەر ئۆرگـانیزەکردنی بواری ئـابوری کـە ڕاسـتەوخۆ کاریگەری دروستکرد لە سـەر کۆمەلّگا و سیاسەت و حکومڕانی.

ئێسـتا ئێمە لە بەشـی دوەمی شـۆڕشـی سـێیەمی پیشـەسـازی و تەکنۆلۆجیدا دەژین لە کۆتایی سالّی ١٩٦٩ وە دەستی پـێـکـردوە و بـەردەوامـە. گـرنـگـتـریـن داهێنانەکانی شـۆڕشـی پیشـەسـازی سـێیەم، تەکنۆلۆجیاو ئەنتەرنێتە. هەر بۆیـە دەتوانین نـاوی بنێن شـۆڕشـی تەکنۆلۆجی لەباتی شۆڕسی پیشە سازی سـێیەم. لاپتۆپ و ئەنتەرنێت لەلایەکەوە، بیگداتا و ڕۆبۆت لە لایەکی تروە لە بیست بۆ سـی سـالّی داهاتوو، ژیانی مرۆڤ لە حالّێکەوە دەگەیەننە حالّێك کە تا ئێسـتا هیچ شارستانیەتێکی تر پێینەگەشتوە.

ماوەی چـەند سـالّێکە، دوو چـەمسـەری سەرەکی لە ململانێدان بۆ بەدەستهێنانی سـەرکردایەتیکردنی جیهان و بردنەوەی پیشبڕکێی تەکنۆلۆجی. لە لایەك ئەمەریکا لـە ڕێگـەی گرووپی گـافـا ((GAFA، لـە لایەکی ترەوە، وولّاتی چـین لە ڕێگەی گرووپی بیئـاتیکس( .(BATXئـەم دوو گرووپە بە دەها ملیار دۆلاریان تەرخان کردوە بۆ توێژینەوە لە بوارەکانی زیرەکی دەسـتکرد artificial intelligence یان .AIتوێژینەوەکانیان لە سـەر تێگەیشـتن لە بایۆلۆجی مرۆڤەوە دەسـتپێدەکات تا دۆزینەوەی چـارەسـەر بۆ نەخۆشـیە قورس و کوشـنـدەکـان. هـەروەهـا کـاردەکـەن لـە ڕێگـەی دەهـا دەزگـای زانسـتیەوە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤ لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی کوالّیتی ئیشـکردنی ئۆرگـانـەکـانی مرۆڤ. توێژینەوەکان لە بواری نانۆتەکنۆلۆجی بـە خێرایی بـەرەوپیش دەڕۆن. ئـەوان دەیـانـەوێـت میکـانیزمی کـارکردنی خانەکانی لەش بەهێز بکەن. توێژینەوە لـە بواری بـایۆتـەکنۆلۆجی بۆ زیـاتر کۆنترۆلّکردنی DNA و جینـەکـانی مرۆڤ کە سـەرچـاوەو جەوهەری بوونی مرۆڤن. توێژینەوە لە بواری چـۆنێتی مامەلّکردن لە گەلّ داتای زۆر و ڕاهێنانی ڕۆبۆت بۆ بەکارهێنانی ئەو داتایانە بە مەبەسـتی وەرگرتنی ئەنجام بە خێراترین شـێوە و کەمترین کات. لە بواری ئابوری، شۆڕشی تەکنۆلۆجی بۆ یەکەمین جار لەمێژووی مرۆڤـایـەتی، کـەپیتـالّی مـادی (پـارە ومولّکدارێتی) خسـتە دوای کەپیتالّی مەعنەوی (مەعریفە و زانین و شارەزایی).

ئـەگـەر ئـاوڕێك لـە مێـژوو بـدەینـەوە، دەبینین، لە زۆربەی حالّەتەکان، پارەو مولّکداری سەرچاوەی دەولّەمەندی بوو. لە ئێسـتاوە هێدی هێدی ئەو کێرڤە خەریکە پێچـەوانە دەبێتەوە. مەعریفە و زانسـت و شـارەزایی، دەولّەمەندی بەرهەمدەهێنێت. بۆ نموونە، کۆمپانیای فەرەنسـی بیجۆ، تەمەنی نزیکەی یەك سـەدەیە، بە هەزارەها کارمەندی هەیە، نرخەکەی لە بۆرسـەی نێودەولّەتی تەنها ١٢ ملیـار دۆلارە. بـەلّـام کۆمپـانیـای ووتسئاپ، چەند سالّێك تەمەنێتی، تەنها پەنجا و پێنج کارمەندی هەیە، نرخەکەی لە بۆرسەی نێودەلّەتی ٢٢ ملیار دۆلارە. ئـەم نموونـەیـە دەریـدەخـات کـە لـە ئێسـتاوە، عەقلّ و زانسـت و شـارەزایی کەپیتال بەرهەمدەهێنێت.

ئەوەی پێشـبینی دەکرێت، گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە. لە چەند سالّی داهاتوو، سـیسـتەمی ئابوری جیهانی گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. لە سیستەمی کاپیتالیزمی کلاسـیك دەپەڕینەوە بۆ سیستەمی کەپیتالیزمی نوێ کە لە سەر بنەمای تەکنۆلۆجیا و زانسـت خۆی بینادەکاتەوە. هەر میللەتێك کۆنترۆلّی تەکنۆلۆجیای لە دەسـت بێت، ئەو دەبێتە سـوپەر پاوەر. بە نیسـبەت هەرێمی کوردسـتان، پێویسـتە هەر لە ئێسـتاوە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەو گۆڕانکاریانە، بە چـاککردنی ژێرخان و کوالّیتیی خوێندن و ئامادەکردنی نەوەی نوێ لە بواری زانستی تەکنۆلۆجی.

## یەکێتی بەرەو دیدار پلان و ستراتیژی نوێ دادەڕێژێت



**ئاریا عوسمان**

دیـداری یـەکێتیی شـێوازێکی مۆدێرنـە بۆ خۆڕێکخسـتنەوە لە دوای کۆنگرەوە، ئەم دیدارە بە وێستگەیەکی گرنگ دادەنرێت.

هەڤالأنی یەکێتیی بەشداری لە کۆنفڕانسەکەدا دەکەن و بەڕێوەچـوونی دیدارەکە بە دوو قۆناغ دەبێت.

سـەرەتـا تـەواوی (بـازنـە و مـەلّبـەنـد و ئۆرگانەکانی یەکێتیی) لە ناوچـەکانی خۆیان کۆنفراس بۆ دیدار ڕێکدەخەن، کە سـەرجەم هەڤالأنی ئەو شـوێنانەش بەشـدار دەبن لە داڕشـتن و نوسـینەوەی ڕاسـپاردەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشـداربوونی بەشـێکی زۆری هەڤالأنی یەکێتیی لە داڕشـتنەوەی بەرنامە و ستراتیژی یەکێتیی.

قۆنـاغی دووەم تـەواوی ڕاسـپـاردەکـان بـە شـێوازێکی ڕێکخراو لە تەواوی دەڤەرەکانی کوردستانەوە بەشێك لە هەڤالأنی یەکێتیی لە هەر ناوچەیەك ئامادە دەبن لە دیداری گشتی یەکێتییدا، کە پێکەوە میکانیزمی گونجاوی سـەردەمیانە دادەڕێژن بۆ ڕێکخسـتنەوەی پەیکەری حزب و داڕشـتنەوەی سـیاسـەتی یەکێتیی لە سـەرجەم بوارەکانی حزبایەتی و حوکمڕانی و ڕێکخراوەیدا.

دیـداری یـەکێتی کـارێکی سـەردەمیـانـەی مۆدێرنە، کە تیایدا گشت ئاست و پلە بالأ و مامناوەند و ئۆرگانەکان ئەرکدار دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سـیاسـی ئەم قۆناغە مێژووییەی یەکێتی کە لە دیداری یەکەمەوە بەچـەند قۆناغێکی سـەرکەوتوودا تێپەڕبووە، وەك گرنگترین قۆنـاغـەکـانی (هـەلّبـژاردنی ناوچـەدابڕاوەکان و بردنەوەی کەرکوك و سەرکەوتنی هەلّبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم) .

دیداری یەکێتی بەو دروشمانەیدا دەردەکەوێت یەکێتی خۆی سـازدەداتەوە بۆ ئەرکەکانی داهاتووی نزیکی کە ذیازوایە سـەرکەوتنی گەورە لە جێبەجێکردنی بەلّێنەکانی دواین هەلّبژاردنەوە بەرەو هەلّبژاردنی پەرلەمانی عیراق خۆی ئامادە بکات کە وا بڕیارە لە کۆتایی ئەمسـالّدا ئەنجام بدرێت. یەکێتی لە کەرکوك و ناوچـە دابڕاوەکان سـەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەهەلّبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردسـتان سـەرکەوتوو بوو، بەو گوڕوتینەو بەرەو هەلّبژاردنی پەرلەمانی عیراق خۆی ساز دەدات.

# دووەمین دیداری یەکێتی و پرسی ژن



**دونیا غەفار**

ژنان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە مەکۆ سیاسییەکان، بەشداری دەکەن لە دیمەنێکی سیاسی هەمەچەشنتر و نوێنەرایەتیتر.وە یەکێتی ژنانیش بەشێکن لەم بەشداریر لێرەدا چەند ڕۆڵێکی سەرەکی دەخەینەڕوو کە دەیگێڕن بەتایبەت یەکێتی ژنانی کوردستان لە دیداری یەکێتی و بەشداری سیاسیدا داکۆکیکردن لە کێشەکانی ژنان، بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی و گشتگیری، داڕشتنی سیاسەت و یاسادانان، ژنان لە سیاسەتدا زۆرجار پاڵپشتی ئەو پرسانە دەکەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە، وەك مووچەی یەکسان و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

دیدگا و ئەزموونی ناوازە دەهێننە سەر مێزەکە، دڵنیا دەبن لەوەی کە ئەم پرسانە چارەسەر دەکرێن و لە پێشینەی کارەکانیان دادەنرێت ،بەشداری ژنان لە کۆڕ و کۆڕبەندە سیاسییەکاندا یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی گشتگیرتر و نوێنەرایەتیتر. دیدگا و ئەزموونی هەمەچەشن دەهێنن، پرۆسەی گفتوگۆ و بڕیاردان دەوڵەمەندتر دەکەن .
بەشداریکردنی یەکێتی ژنان لە داڕشتنی سیاسەت و پرۆسەکانی یاسادانان دەبێتە هۆی ڕوانگەیەکی گشتگیرتر بۆ پرسەکانی سیاسەت. زۆرجار بانگەشە بۆ ئەو سیاسەتانە دەکەن کە سوود بە ژنان و خێزانەکان دەگەیەنن، بەشداری چالاکانەی ژنان لە دیداری یەکێتی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە بونیان لە مەکۆ سیاسییەکان بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و یەکسان پێویستە. بەشدارییەکانیان دڵنیای دەدەن لەوەی دەنگی ژنان دەبیسترێت و پێداویستییەکانیان چارەسەر دەکرێت و قسەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە لە داڕشتنی داهاتووی کۆمەڵگا و نەتەوەکانیان.
دەتوانین لەکۆتایشدا چەند پێشنیارێك بخەینە ڕوو کە هەم گرنگن هەمیش چارەسەرێکن بۆ ئەو تەحەددایانەی کە ژنان لەکۆبوونەوەو سیاسەتدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەکو:
پشك و ئامانج، بەرنامەی ڕاهێنەرایەتی و ڕاهێنان،چارەسەرکردنی لایەنگری و جیاکاری جێندەری،چاکسازی دارایی هەڵمەتی هەڵبژاردن،هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی،دروستکردنی ژینگەی گشتگیر.. بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە دەتوانین دیدگایەکی سیاسی دادپەروەرانەتر و نوێنەرایەتیتر دروست بکەین کە ژنان بتوانن بە تەواوی بەشداری بکەن و بەشداری بکەن لە داڕشتنی داهاتووی کۆمەڵگاکانمان.

# دیداری یەکێتی هاوکاتی قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاریی



**محەمەد حەمەساڵح**

دوای دەربازبونی یەکێتی لەقۆناغی شپرزەیی ناوخۆیی و ئۆرگانی و حزبی، کەهەمیشە ئاستەنگی بەردەم وەرگرتنی بڕیاری سیاسی و مایەی نیگەرانی هەڤاڵان و ناوەندو ئۆرگان و دەزگا ڕێخراوەییەکانی بوو. هەمووان پێمان وابوو کاتی زۆری لێدەبردین وزەو تواناکان نەدەڕژانە جۆگەلەی خزمەتی ئامانجە حزبی و گشتیەکان، بەڵام خۆشبەختانە دەرکەوت کارایی و ڕۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێشتا لەبن نەهاتوەو هاوتەریبە لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوو گۆڕانکارییە خێراکان .
ئەم دڵنیایی و جێگیرییە لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم و کەرکوك بەتایبەتی و پەرلەمانی کوردستان و ڕێژەی دەنگ و کورسیەکاندا بەدەرکەوت.. یەکێتی بەشدارییەکی کاراو سەنگینی لەهەڵبژاردنەکاندا کردو مەترسی بانگەشەی چەواشەی لاوازبونی لەکایەی سیاسی کوردستان و عێراقدا کەلەدژی دەکرا بەتەواوی ڕەواندەوە.
ئێستا وا خۆی بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێ و جیاوازی حوکمڕانی دڵخوازی کۆمەڵانی خەڵك کەبتوانێ لەئاستی بەشێکی گەورەی ماف و داوا ڕەواکانیدا بێت ئامادەکردوەو چوەتە ناو چەندو چۆنی بەزووی پێکهێنانییەوە .. دەریش کەوت بەبێ یەکێتی حکومەتی ئایندە پێك نایەت.. یەکێتی جوهدی زۆری نواند لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بەتایبەت چارەسەری مووچەی فەرمانبەران و دەنگدان لەسەر یاسای بودجە بۆ ساڵی ٢٠٢٥ کەبەئینسافەوە هێندە ئاڵۆزکرابوو کردنەوەی گرێکوێرەکانی نزیك ببونەوە لەمەحاڵ.. ڕێکەوتەکە وابوو لەم دووساڵەدا فشاری وڵاتانی ئیقلیم و نەیارەکان چەند قات زیادکرابوون بۆسەر ناوچەی جێنفوز و ئیدارەی زۆنی سەوز کەیەکێتی ڕسکی بە حەیاتی سیاسی خۆیەوە کردوە وەك هەمیشە لەپای هەڵوێستەکانی لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان دۆزی باکورو ڕۆژئاواو هێرشی درۆنەکان و شەهیدبونی چەندین کارمەندی دژەتیرۆرو داخستنی مەتاری سلێمانی و جەنگی دەروونییش وەکو هەوری ڕەش بابوە ستێ ، ئێستا و ئەوکاتانەش یەکێتی نەترساو نەوەستاو ڕێگەی نەدا پسان بەنسیبی بێ، بەڵکو پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی و کۆنگرەو کۆنفرانس و دیدارو کۆڕو کۆبونەوەی ناوخۆیی و دەرەکی چەندین میکانیزمی بۆ خۆکشان و دەربازبوون و بەهێزبونەوە هێنایە گۆڕێ دوجار دیداری کردە پردی گرێدانەوەی هەموو توانا ناوچەییەکانی لەمەڵبەندەکانی ڕێکخستندا و مشتومالێ پەیام و بیروسەرنج و ڕەخنە پەنگخواروەکانی کردە خۆراکی تێشووی قۆناکە.. لەم ڕۆژانەدا لەگەرمیانی ئاوەدانی دوای ئەنفال و هاوسنوری ناوچەکێشە لە سەرەکانیشدا دیداری دووەم کۆماندەکاتەوەو سەر لە نوێ تاوتوێی تەوزیع و تەوزیفی کارو باری حزبی و ڕێکخراوە دیمان بۆ هەلومەرجێکی هەنوکەیی تەواو گرنگ و ئەرێنیی و هاوسەنگ و لەم کەناڵە جیاوازانەوە دەچێتەوە بەردەم هەموو بەرپرسیارێتییەکانی سەرڕێگەی خەباتی بەردەوامی خۆی کە پشتبەستوە بە فکرو ڕێبازی مام جەلال و شەهیدە قارەمانەکانی و لۆژیکو ژیری سەرمایەیەك لەکادیرو توانای هەمیشە ئامادەو بەرجەستە و پێداویستیەکانی ژیان و قۆناغی کوردایەتی هەنگاو بەهەنگاو .
دیداری یەکێتی لەم هەلومەرجەدا جارێکی تر دەبەسترێت کە پێویستە خۆمان بۆ گۆڕانکاریی ناوخۆیی ئامادە بکەین و ڕێڕەوی کاری حزبی ڕاستتر بکەینەوە بۆ ئەوەی باشتر بتوانین ڕێڕەوی حوکمڕانی لە کوردستانیش زووتر ڕاست بکەینەوە.

# دیدار بەرەو پێشکەوتن و چارەسەری پرسە نوێکان



**هاوژین شکور حمید**

پاش چەندین ساڵ چالاکی و تەحەددای ناوخۆیی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێستا بەرەو قۆناغێکی پڕ لە داهێنان و گۆڕینی بنەڕەتی دەڕوات. مێژووی ئەم حیزبە کە بە چەندین ڕووداو و پێکهاتنی ناوخۆیی خۆی ناساندووە، ئەمڕۆ وەك هێزێکی کاریگەر لە سیاستی هەرێمی کوردستان و عێراق خۆی دەنوێنێت.
سەرکەوتنەکانی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئەو باوەڕەی پتەوکرد کە ئەم حیزبە توانای بەڕێوەبردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند و پێکهێنانی سیاسەتی کارا هەیە.
ژمارەی کورسی و دەنگەکانی بەدەستهێنانیش پیشانیدەری ئەوەیە کە یەکێتی بەردەوامە لە پێگەی خۆی وەك هێزێکی پێویست بۆ پاسەوانیی مافەکانی خەڵك.. لەم قۆناغە نوێدا، یەکێتی نیشتمانی ڕۆڵێکی سەرەکی بینیووە لە دامەزراندنی بناغەی حکومەتێکی تازە، بە تایبەتی لە بواری چارەسەری کێشەکانی دارایی و باشترکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. هەوڵەکانی ئەم حیزبە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و چاکسازییەکانی خزمەتگوزاری گشتی، نیشانەیەکی ڕوونە لە ئاراستەکردنی تواناکانی وڵات بۆ چارەسەری گرفتەکانی وڵات.. هەروەها، یەکێتی لە بواری دیپلۆماسیدا چالاکییەکی بەرچاوی پیشانداوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی شوێنی کوردستان لە نێوان کۆمەڵەی نێودەولەتیدا. ئەم ڕێگایانەی نوێیە وەڵامدانەوەیەکی زیرەکانە بۆ ئاستەنگەکانی ئێستا و دەرفەتەکانی داهاتوو.. لە کۆتاییدا، یەکێتی نیشتمانی بە هەوڵێکی بەردەوام بۆ گۆڕین و خۆڕێکخستنەوە، بەرزی دەکاتەوە و پلانی گرنگی داناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو و ئاسایشی داهاتوو. ئەم بەرزبوونەوەش پێویستی بە یەکێتیی ناوخۆیی و پێکەوتنیەکی بەهێزتر هەیە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی سەرکەوتنی هەموویان.

# دیداری یەکێتی و چەن سەرنجێك



**علی دەرویش**
وتەبێژی مەڵبەندی ڕێکخستنی گەرمیان

سەرەتا باواز لەوە بێنین بە ستنی دیداری یەکێتی لەکوێی پەیڕەودا جێکراوە تەوە، یاخود پەیڕەو چــی بۆ خۆڕێکخســتنەوەو نوێکـردنـەوەی قـەدونمـای یـەکـێتی دیاریکردووە. بەڕای من جیاواز لەکۆنگرەو پلینیۆم یـەکێتی پێویســـتی بـەســـتنی دیداریش هەیە، بۆچی؟
لەکۆتا یدا یەکێتی حیزبێکی جە ماوەرییە واتـەلـەیـەکێتیدا هـەردەبێت جـەمـاوەر سـەنتەربێت، هەردووسیستەمی بەستنی کۆنگرە و پلینیۆم زیاتر بابەتی ئۆرگانین و جە ماوەرکەمتردەرفەتی بەشـــداری کردنیاندەبێت تیایدا، بۆئەم مەبەســتەش پێویســـتە یەکێتی جیاواز لە کۆنگرە و پلینیۆم لـەڕێگـەیـەکیترەوە دەرفـەت بۆ جـەمـاوەرەکـەی و خـەڵـکـانـیـێـکـی ترکەدەیانەوێ یەکێتی لەشانۆی سیاسیدا بـەردەوامبێت برەخســێنێت، هـەڵبەت بەبەشـداری ئەوخەڵکە خاوەن پێشـینەو قولاَنەی لەنێو ڕێکخســـتن و ئۆرگانەکانی یەکێتیدا هەنوکەیش بونیان هەیە.
حیزب بەتەنها وەســیلەنیە بۆگەیشـــتن بەدەســـڵات، بەڵکولە پاڵ گەیشـــتندا بەدەســـڵات پێویســـتەویســـت و خەونی جـەمـاوەرەکـەی بـەدیبێنێـت، گومـان لەوەدانیەهەرکاتێك حیزب پێچەوانەی ئەم ئاراســـتەیەکاربکات ، لەهەردوو جوگرافیا سیاسی و جەماوەریدا پاشـەکشـەدەکات هەرئەمەنا بەڵکوپەیکەری ڕێکخراوەیشـــی دەکەوێتە بەردەم نەفرەتی لایەنگرانی.
بـۆئـەوەی یـەکـێتی بـەم دۆخـەی خۆیـداپچـــێتـەوە پێویســـتـە لـەزوومی جەماوەروخەڵکە قوڵەکەیەوە لەقەدو نمای خۆی برووانێت و پە نجە لەســـەرکۆی برینـەکـانـدابنێـت و هـەتوانیـان بکـات، لـەکۆتـایـدا هێشـــتـایـەکێتی خـاوەنی کەرەســتەی پێویســتی خۆڕێکخســتنەوەو هە ستانەوەیە هێشتا یەکێتی خەڵکی قوڵ و جوانی خاوەن پێشینەی لایە هێشتا بێ بەدیلی ســـیاســـــیە و هە یمە نەی لـەحوکـمـڕانـیـداهـەیـە و دەتـوانـێـت لـەســـەرخـوێـنی شـــەهـیـد و پاشـــخا نەمێژوویە کەی بژی.. ئەوەی ماوەتەوە بوترێت،کێن ئەوانەی لەدیداری یـەکێتـدا ڕۆڵیـان پێـدەدرێـت؟! ئـەی لەزوومی جەماوەرەوە چـــۆندەبینرێن و ڕای جـەمـاوەر چـیـەلـەســـەریان؟! چـــۆ ندەتوانن هاوکێشـــە کان لەنێوان جە ماوەرو خەڵکە قو ڵە کەی یەکێتیدا لەپێناوگەیشـــتنی یەکێتی بەمەهامەکەی یەك بخەن؟!
گـومـان لـەوەدانـیـە هـەردیـدار و کۆڕوکۆبوونەوەیەك لەپێناو جۆ شدانەوەی کاری ڕێکخسن و ڕێکخراوەیدابێت هەنوکە بۆیەکێتی پێویست و گرنگە، بەڵام ئەمڕۆ دۆخی یەکێتی پێویستی بەخەڵکی قوول و خاوەن ئەزموونە ســـەرکەوتنی دیداری یەکێتیش لەوڕوانگە یەوە دەبێت. واتە ئەوانەی بەشـــدارن لەدیداری یەکێتیدا لەهەردوو لایە نە ســلبی و ئیجابیەکەی دیـداری یـەکێتی بـەرپرســـن، ئـەوەی لەئاستی ناوخۆیی یەکێتیدا تێبینی زۆری لەســـەرە بێرۆڵکردنی خەڵکی قوول و خاوەن پێشینەو موزەحیە، هەرئەمەیشە وایکردووە خەڵکی واهەست بکات یەکێتی لەشوێنێکدا دانیشتوە شوێنی خۆی نیە، ئالێرەیشـــدا مەترســـیەگەورەکە ئەوەیە د یداری یەکێتی بکرێتە کەرەســـتەی هێنانەپێشـــەوەی ســـوپایەك لەکادیری خاڵی و گەڕاندنەوەی خەڵکی ســـواو بۆنێوکۆشـــی یەکێتی ئەگەر ئەمەڕووبدات جارێکیتر ئۆرگانەکانی یەکێتی توشـــی تەزەخوم و هەڵئاوســـانی ناتەندروســـتی کـادردەبێـت، ئـەوکـاتـە نـەك بریـنـە کان ســـارێژنابن بەڵکووســـەقفی نیگەرانیەکان زیـاتردەبێـت.. بـەڵێ بۆدیـداری یـەکێتی لەپێناو ســـەرلەنوێ هەســـتا نەوەی یەکێتیدا بەڵی بۆگەڕاندنەوەی حەق بۆ لای خـاوەن حـەق بـەڵێ بۆپێـدانی ڕۆڵ بـەوخـەڵـکـە قوولـە، پـەراوێزخراوەی هێشـــتایەکێتیان مەبەســـتەو دەتوانن فریادڕەسی هەستانەوەی یەکێتی بن لەم قۆناغەیشدا.



**سەلام عەلی**

دیداری یەکێتی ببێتە بنەمایەك بۆ گۆڕانکاری لە خزمەت پرسی نیشتمان و نەتەوە چونکە یەکێتی بۆ ئەو پرسە بالآیانە دروست بووە.
ئەم گۆڕانکاریانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت روو دەدەن ئەرك دەخاتە بەردەم یەکێتی بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەرە چـــاوەڕوانکراوو نـەکراوەکـانیش. چـــونکـە یـەکێتی دەتوانێ نوێنەرایەتی پرســـی کوردو کوردســـتان بکات لەناو هاوکێشـــەکاندا.. لە ئاســـت مەترســـی و دەرفەتەکاندا درکی باشتر بکات بۆ ئیدارەدانی دۆخەکە بە چـــەشـــنێك هەم دەرفەتەکان لە قازانجی یەکێتی خۆی و بەتایبەت کوردســـتان بکەوێتەوەو کوردســـتانیش بەدور بگرێ لە مەترسیەکان.. لە ئێستادا چانسی کورد لە نەیارەکانی کورد باشترە.



**شێخ عبدالرحمن**

لەم دیدارەدا ئومێدەوارم ئەمجارە ڕاو بۆچـــوون و پێشـــنیاری کادرەکان وەربگیرین دواجار راو بۆچـــوونی کادیران کە لە خوارەوەن موعاناتیان زیا ترە و لـە رەوش و گوزەرا نی خـەڵکیش ئـاگـادارن و لـە دۆخی قایدەی جەماوەری یەکێتیش ئەزانن بەراســـتی حەقە جێ بەجێ بکرێ .
ئەو خالآنەی لەو دیدارە بەرجەســـتە ئـەبێ حـەقـە ســـەروی خۆمـان ســـەرکردایەتی ئەم حزبە جێ بەجێی بکات. کەمووکورتیمان زۆرە بەراستی هیوادارین ئـەم دیـدارە ببێتـە هۆی دەرچەیەك کە ئێمەی (ی.ن.ك) ببینە حزبێکی موئەسساتی.



**مەلا رەحیم**

هیوادارین دیداری یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـــتان بکەینە دەروازە یەك بۆ نوێ بونـەوەو گۆڕانکـاری و دانـانی نـەخشــــە ڕێگـای تـازەی خـەبـاتی سەردەمیانە.
ی.ن.ك وەك هێزێکی کاریگەر تینو بە گۆڕانکاری سەردەمیانە ئەخوازێت زۆرترین کادیرو هەڤاڵانمان لە ئۆرگانە جیاوازەکان بەژداری دیداربن.
لەم دیدارەدا بەنیازین پەیکەری کاری ڕێـکـخـراوەیـی بـەشـــیـوازێـکـی ســـــەردەمیـانـە بنیـادبنێینـەوە بۆ حوکمڕانیەکی باشـــتر بۆ ســـەرچـەم سێکتەرەکان .

# لەرووی زمانەوانییەوە (دیدار)



**جەمال حسێن**

وشـــەیـەکی ئیجـابی و پۆزەتیڤـە. واتـای بەیەکگەیشـــتن و یەکتربینیە، بەپێچـەوانەی دابڕان و دورکەوتنەوە و زیزبونە. بۆیە دیداری یەکێتیەکان چـەند چـالاکییەکی سـیاسـیە بۆ کۆبونەوە و گفتوگۆی ســیاســیە لەداهاتوی حیزبـەکـەیـان، بـەوئـەندازەیـەش دیدارێکی کۆمەڵایەتیە دور لەفشـــاری هەڵبژاردن و ململانێ. وێستگەی دیدار پانتاییەکی گرنگ و ســـەکۆیەکی ئازادە بۆ بیرکردنەوەی هێمن و ئاقڵانە لەوەی پێویســـتە چـی بکرێ و چـۆن بکرێ؟! بەکورتی بەشـــدارپێکردنی هەموو یـەکێتیـەکـانـە لـە داهـاتوی حیزبـەکـەیـان، بەمیکانیزمێك کە نەکۆنگرە یە و نەپلینیۆم. بەمەش دیداری یەکێتی داهێنانێکی سیاسییە لە ســـەرنەخشـەی سیاسـەتی کوردسـتان و چالاکییەکە لە هیچ حیزبێکی تردا نییە.
لێرەوە ئەرکی یەکێتیە کان لەم بۆنە یەدا، بەرپرسیاری سیا سی و نیشتمانییان ئەوەیە بە بەرپرسیارییەوە گفتوگۆبکەن و بە وشیاری و راستگۆییەوە چارەسـەر و پێشـنیارەکانی خۆیان بخەنەڕوو. هەموشمان چاومان لەوەیە داهـاتوی ســـیـاســـی یـەکێتی بـەهێزتر و گەشـــاوەتربێ و ســـەرە نجام لە ئاســـتی کۆمـەڵگاشـــدا خزمـەتگوزار و لـەئـاســـتی چاوەڕوانی هاوڵاتیاندا بێ.. بۆیە دیدار بەپلەی یە کەم روداوێکی ســـیاســـیە بە ئا مانجی نوێکردنـەوە و گونجـانـدن و ســـەرەنجام جێکردنـەوەی خواســـتی یـەکێتیـەکـانـە بـە مـەبـەســـتی زیـاتـر ئـەکـتـیـڤ بـون و نوێنەرایەتیکردنی خواستەکانی خەڵك.
ئـەوەیـە بـەرپرســـیـاری راســـتـەقـینـەی یـەکێتیـەکان، کـە لـەنـاوەڕۆکدا بریتیـە لـە ئاوێتـەکردنی ئـەوەی کۆمـەڵگا دەیخوازێ و دەیەوێ لەگەڵ ویســـت و ئیرادەی یەکێتی.
بەهیوای ئەوەی بە هاوبەشـــی و پشـــتیوانی هەموو لایەك ئەم دیدارەش کەدیداری دووەمی یەکێتیە، لەئاســـتی چـاوەڕوانی و خولیای هەموان بێت.

# دیدار .. ویستگەیەك بۆ نوێبوونەوە



قادر اسماعیل قەرەداغی

یەكێتی لە دوای كۆنگرەی پێنجەم بە ئایدیایەكی نوێ و سەردەمیانە هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی لە ئێستاشدا ئەمە زیاتر چڕ بۆتەوە لە بەستنی دیدار بۆ خستنە ڕووی ڕاو و دید و بۆچوونی كادیرانی یەكێتی .. حزبی مۆدێرن پێویستی زۆری بە ئەپدەیت و خۆ تازەكردنەوە هەیە ، ئەو خۆتازەكردنەوەیە هەموو سیكتەرەكان دەگرێتەوە.. گرنگە كادر و ئەندامانی یەكێتی ئایدیا و بیر خۆیان تازە بكەنەوە بە زانینی دوا گۆڕانكاری سیاسی و ئابووری نەتەوەیی ، لەوەش گرنگتر قووڵبوونەوە بۆ نێو ناخی جەماوەر بە گشتی وگەنجان و مامۆستایان و فەرمانبەران بە تایبەتی .. گرنگی دیداری نێوان كادیرانی یەكێتی لەوەدایە كە هەموو كادرێك دەتوانێت بە ڕاشكاوانە سەرنج وبیروڕا وبۆچوونی خۆی دەربارەی ئۆرگانەكان و كاری سیاسی حزبەی دەربڕێت.. هەروەها داڕشتنی بەرنامەیەكی نوێ بۆ ئایندە لەسەر بنەمای كاری حزبایەتی مۆدێرن بە شۆڕبوونەوە بە شێوەیەكی ئاسۆیی لە نێو خەڵكیدا..

یەكێتی چی بكات :

یەكێتی لە كاتی بانگەشە هەڵگری چەندین دروشمی گەورە بوون كە جێ بەجێ كردنیان پێویستی بە كادری ئیداری خاوەن ئەزموون هەیە لە نێو حكومەت ، چونكە ئەو جۆرە كادیرانە ئاوێنەی ئەم حیزبەن و هەر هەڵەیەكی ئەوان ئاكامی خراپی دەبێت بۆ یەكێتی. ئەوەی گرنگە كادیری یەكێتی وەڵامی بۆ پرسیاری شەقام هەبێت بە تایبەتی لە بابەتی تەوتین نەكردن و بۆچی ئەو پرۆسەیە هەتاكو ئەم ساتە نەگەیشتووەتە كەنارێك كە خەڵكی ئارام بگرێت و دەبێت خەڵكی بزانێت فاكتەر وهۆكار ولەمپەرەكان كێ بوون و چی بوون بۆ ئەوەی كادیرەكانی یەكێتی وەڵامیان هەبێت بۆ خەڵكی چونكە مەرج نیە هەموو شتەكان لە ڕاگەیاندنەكانەوە باس كرابێت.. ئەوەی گرنگترە یەكێتی بە داهاتی خۆی قۆڵی خزمەتی لێهەڵماڵی و خزمەتی ناوچەكەی خۆی بكات بێ جیاوازی.. بۆیە ئەم جۆرە دیدارانە چەندە لە ڕووی سیاسیەوە گرنگن هێندەش لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە و كەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە گرنگە چونكە زۆرینەی ڕەهای كادیرەكانی یەكێتی پێویستیان بەوەیە زیاتر یەكتری بناسن و یەكتریان زیاتر خۆشبوێت بەڵكو بتوانن یەكێتی بكەنە ئامرازی خزمەتكردنی زیاتری خەڵكی.

# دیدار و پرسی ناوچە جێناكۆكەكان



ڕزگار حاجی حەمید

ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، كە هێڵێكی درێژی جیاكەرەوەیە لە نێوان (هەرێم و بەغدا)دا، ئەم ناوچەیە لە موسڵەوە درێژ دەبێتەوە سنووری چەند پارێزگایەك دەبڕێت تا دەگاتە بەدرە و جەسان، نیوەی زیاتری خاكی باشووری كوردستان پێكدەهێنن، ڕاستە لە ئێستادا نەتەوە و ئاینی جیاوازی تێدا دەژێت، بەڵام بەپێی بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەكان بەشێكن لە خاكی كوردستان و دانیشتوانەكەی بە درێژایی مێژوو كورد بوونە، لێ نەتەوەكانیتر لەگەڵ داگیركاریدا هاتوون یان بە جیاوكی زۆر هێنراون بۆئەوەی ڕووالەت و كوردستانییەتی ئەو دەڤەرە بشارنەوە، لە دوای كەوتنی بەعسیشەوە هێشتا ئەو ناوچانە لە ململانێیەكی سەختدایە و كراوەتە گۆڕەپانی ململانێیەكی توندی خوێناوی لەلایەن گروپە توندڕەوەكان و ئەنتی كوردەوە.

ئەمە لە كاتێكدا كورد بەشدارە لە حكومەتی ناوەندا، چەندین پۆستی گرنگی وەكو: (سەرۆك كۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و هەندێك لە وەزارەتەكان و جێگری سەرۆكی پەرلەمان و ... هتد) لایە، هەروەها ئەو حكومەتانەی كە لەو ساڵانەی دواییدا پێكهێنراون لەگەڵ كورددا هاوپەیمان بوون، بە دەنگی نوێنەرانی گەلی كورد و هەولێ كارەكتەرە سیاسییەكانی حكومەت پێكهێنراوە و سەرۆك وەزیرانیان بە هەماهەنگی هەڵبژاردووە، تەنانەت بەڵێنی مەرجی هاوپەیمانییەتییەكە ئەوەبووە مافەكانی كورد بسەلمێنن و ماددەی (١٤٠)ی دەستووری بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە، كەچی ئەمەش هەر نەكرا، دەكرێت بپرسین لەو (٥) خولەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕۆڵی ئەوانە چی بووە لە عیراقدا؟ لە كاتێكدا هەموو جارێك ئەجیندای حیزبەكان و تەنانەت پاڵێوراوانیش هەمیشە جەخت دەكەنەوە كە پارێزەرێكی سەرسەختی مافەكانی گەلی كوردبن و كۆی مافە زەوتكراوەكان دەگەڕێننەوە، كەچی ساڵ دوای ساڵ دۆخەكە خراپتر دەبێت.

بۆیە پێوستە سەركردایەتی كورد هەنگاوێكی جدی بهاوێژێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و نەتەوە یەكگرتووەكان بێنە سەرخەت چیتر لەوە زیاتر درێژە نەكێشێت، چونكە زەرەرمەندی یەكەم گەلی كوردە و بەتایبەت كوردنشینانی ئەو ناوچانە، هاوكات حكومەتی هەرێم و نوێنەرانی كورد لە پەرلەمان و سەرۆك كۆمار و وەزیرەكان لە بەغدا بیر لە ڕێگاچارەی گونجاو بكەنەوە، پێداگیری لەسەر جێبەجێكردنی دەستوور بكرێت زۆرێك لە كێشەكان چارەسەر دەكات، هەروەها پێویستە ئەم دیدارەی (ی.ن.ك) پەنجە بخاتە سەر ئەو بۆشایی و كەلێنانەی لە ئێستادا لەو ناوچانە ئامادەیی هەیە، بۆئەوەی تا زووە ئەم پرسە نەتەوەییە چارەسەربكرێت و لەوە زیاتر درێژە نەكێشێت، چونكە سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن پرەنسیپی نەگۆڕی ئەوانە، ئەویش لەبەرئەوەی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لەو ناوچانە بەرزبكەنەوە و ڕێژەی كورد كەم بكەنەوە.

پێویستە لەم دیدارەدا پێداگیری بكرێت لەسەر ئەوەی نووسینگەیەك دابنرێت لە ئاستی مەكتەبی سیاسی و ئەو مەڵبەندانەی دەكەونە سنووری ئەو ناوچانەوە، بۆئەوەی داتا و زانیاری ورد كۆ بكاتەوە و بە دواداچوون بۆ خاڵە لاواز و نەرێنییەكان بكات، بە تایبەت لەو جیاكاری و غەدرە نەتەوەییەی لە دانیشتوانی كورد دەكرێت، لە ڕووی دامەزراندن و خزمەتگوزاری و بژێوییەوە، ناكرێت سەركردایەتی كورد بێ دەنگ بێت لەو هەموو غەدرەی لە كورد دەكرێت، هەموو ئەو بەرپرسانەی لە حكومەتی ناوەندن و ئەوانەش بەناوی دۆستایەتییەوە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ درووست دەكەن بخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بكرێت، ئیدی ئەم شەراكەت و هاوپەیمانییە لە بەغدا لە پای چی و سوودی چییە؟



# ئەوەی لەسەر دیداری یەكێتیی پێویستە

عیماد ئەحمەد

هەموو حزبێكی سیاسی پێویستی بە كۆڕو كۆنگرەو كۆنفرانسە، بە تایبەتیش بۆ ئەو حزبانەی ئامانجی باڵاو پرسی نیشتمان و نەتەوەو دیموكراسی دەكەنە ئامانج.. یەكێتی نیشتمانی كوردستان پەنجا ساڵە ڕێبەرایەتی مەسەلەی خاك و خەڵك و ئامانجە بەرزەكان دەكات لە كوردستاندا.

لەو پێناوەدا قوربانی زۆری داوە، خەباتی هەمە لایەنەی كرد، تا قۆناغی تاریكایی و ڕۆژگاری سەختی گەیاندە ئازادی كوردستان و كەناری ئارام.. ئێستاش ئەو كاروانە هەر بەردەوامە، بەڵام ڕێگاكە هێزو وزەو خوێنی نوێی پێویستە.

لەم سۆنگەیەوە دیداری یەكێتی بە وێستگەیەكی گرنگ دەزانم بۆ بەشداری هەموو هەڤاڵان لە داڕشتنەوەی پلان و ستراتیژی عەمەلی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركەكان.

چاوەڕوانیەكان لە یەكێتی لە جاران زیاتر بوونە، بۆیە دۆخەكە وا دەخوازێ بەهێزێكی زیاترەوە لە مەیدانەكەدا ڕۆڵ ببینێ.

دەستخۆشی دەكەم لە هەڤاڵانی كە سەرپەرەشتی دیدار دەكەن، پێكەوە قسەو باسەكانمان و ڕای كادرو ئۆرگانەكان بكەینە عەمەل بۆ خزمەتی گشتی و چاكەی گشتی.

ئەوەی لەسەر دیداری یەكێتی پێویستە، فەزای گفتوگۆو ڕا وەرگرتنی هەڤاڵان و پێشنیارو بۆچوونی ئۆرگانەكان زیاترو باشتر بێت، چونكە دواجار لە ڕاپەڕاندنی ئەركەكاندا بەشی زۆری هەر دەكەوێتە ئەستۆی ئۆرگانەكان و كادرانی یەكێتی.

# دیداری یەکێتی بۆچی؟

**قوباد تاڵەبانی**



بەجۆرێك کە لە توانایدا بێت گەلی کوردستان لە نائومێدییەوە بگوازێتەوە بۆ سەردەمی نوێی و تێکۆشان، بەم هیوایەوە لە شەوەزەنگی نائومێدیدا چرای ئومێدی هەڵکرد.

سەرۆك مام جەلال لە نامیلکەی( یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟) کۆبەندی هیواو ئاواتەکان، پرسیار و وەڵامەکانی کردە ڕێنوێنی یەکێتیەکان و نامیلکەی گیرفانی پێشمەرگەو کادیران و ئەندامانی یەکێتی، هەر لەم نامیلکەیەدا شوناس و ئەرکی تێکۆشەرانی ناو یەکێتیشی دیاری کرد.. دیارە لە هەموو قۆناخێکی سیاسیدا، پرسیاری نوێ دێتە ئاراوەو وەڵامی یەکێتییانەش هەر دەبێ پڕ بەپێستی ئەرکەکانی هەلومەرجی نوێ بێت.. قۆناخی تازەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە پرسیاری تازەو وەڵامی تازەش هەیە.

لە هەموو وێستگەکانی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراق و بۆنەکانی تری جەماوەریدا، لە کاتی کۆبونەوەو گفتوگۆی هەڤاڵانەشم لەگەڵ کادیر و دڵسۆزانی یەکێتی، ڕووبەڕوی ئەم پرسیارانە دەبمەوە: یەکێتی چی پێیە بۆ دواڕۆژی کوردستان؟ پلان، ستراتیج و دیدگای چییە بۆ پرس و بابەتە هەمەجۆرەکان؟ ڕاستە یەکێتی مێژوویەکی پڕ شانازی و دەسکەوتی دیاری هەیە، کاروانێکی دورودرێژی شەهیدان و خەباتێکی هەمەلایەنی فیکری و سیاسی هەیە لە سەرخستنی پرسی ڕەوای گەلەکەماندا، سەرکردەی مەزنی وەك مام جەلالی پێشکەشی کوردستان کردوە، لە چەندین بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریدا دەستپێشخەر بووە، بەڵام هێشتا پرسیاری زۆر ماون کە یەکێتی چی پێیە بۆ دوارۆژ و ئایندەی نەوەکانی داهاتوو؟ لەهەمان کاتدا لە واقعی ئێستادا کێشە ڕاستەقینەکانی بەردەم یەکێتی چییە و چۆن بتوانێ لە هەموو ئاستەکاندا دونیابینی خۆی نوێ بکاتەوە؟ یەکێتییەکان دەپرسن و هەقیشیانە، ئاخۆ ئیتر بە چ دڵنیایی و متمانەیەکەوە پرۆژەی یەکێتی و ستراتیجمان بۆ(ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و چارەی خۆنوسین) سەربخەن؟

پرسیارەکان کە لێمان دەکرا و خۆشمان لەناوخۆمان تاوتوێ دەکەین، پرسیاری ڕاست و ڕەواو بەجێن. یەکێتییەکانیش ئەم پرسیارانە لە خۆیان دەکەن و بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن کە هەم درێژەی ڕێگای تێکۆشانی چوار دەیەی ڕابردوو بێت و هەمیش ئاسۆی ڕوونی دواڕۆژی گەلەکەمان نیشان بدات. لەم پێناوەدا ئێمە دیالۆگ و دیداری چڕوپڕمان پێویستە بۆ ئەوەی پێکەوە بیر لە گەلاڵەیەکی پڕو دەوڵەمەند و کاریگەر بکەینەوە. تا سەرەنجام شوناسی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکێتیش ڕونترو جیاوازییەکانی بەرچاوتر بێ بۆ هەمووان.

بەشانازییەکی زۆرەوە هەڤاڵانم لە مەکتەبی سیاسیی و ئەنجومەنی سەکردایەتی ئەم ئەرکەیان پێ سپاردم کە دیداری یەکێتی ساز بکەین و سیاسەت و دیدی یەکێتی لەم قۆناغە نوێیەدا دیاری بکەین لە هەموو بوارەکاندا، بە ندەش داوادەکەم هەموو هەڤاڵانم هاوکار بن بۆ ئەوەی پێکەوە شان بدەینە بەر ئەم ئەرکە حزبییە و جێبەجێی بکەین.

( دیداری یەکێتی) کە بە پەرۆشییەوە دەستمان داوەتێ و مەبەستمانە لە فراوانترین و بەرزترین ئاستدا سەرپێی بخەین. لەم ڕوانگەوەیەوە دەبێتە دیداری خەمخۆری و هەوڵی یەکێتییانەیە بۆ نوێبونەوەو چاکسازی و بەهێزکردنی پێگەی یەکێتییە لە هەموو ئاستەکان.

هەڤاڵان! ڕاستە لە کۆنگرەی چوار کە ناوی ((کۆنگرەی نوێبوونەوە ))بوو، گۆڕانکاری و نووێبونەوە لە پێکهاتەو هەندێ لە کاراکتەرەکان کرا، بەڵام بەداخەوە لەبەر چەندین هۆ، کۆنگرەی چواریش نەبووە هۆی نوێبوونەوەیەکی جەوهەری و ڕاستەقینە لە فکر و دیدی سیاسیمان بۆ ئایندەو دواڕۆژی یەکێتی و وڵاتەکەمان. بۆیە پێویستە ئەم دیدارە نوێبوونەوەی جەوهەری و ڕاستەقینە بکاتە ئەرکی سەرەکی خۆی و پەرەی پێبدا، ئەم ئەرکەش بەلای منەوە چەند حیزبییە ئەوەندەش نیشتیمانی و ئەخلاقییە. چونکە بوونی یەکێتییەکی بەهێز گرەنتی پاراستنی ئازادییەکان و بەدیهێنانی خواستی کۆمەلانی خەڵکە، کە ئەوەش نیشانەی وەفاو پێزانینە بۆ خەباتی شەهیدان و ئەوانەی لە ڕابردوی خەباتی یەکێتی و کوردایەتیدا ڕەنجیان داوەو ماندو بوون.

ئەم دیدارە بانگەوازێکی هەڤاڵانەو نیشتمانییانەیە بۆ تاوتوێ کردنی واقعی ئێستای یەکێتی و ناسنامەکەی، بۆ نوێکردنەوەی گوتاری سیاسی و کۆمەلایەتی و گەشەپێدانیەتی، بۆ ئەوەی بە دیدگایەکی نوێوە ئامادەبێت ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکا و سەرەنجام باشتر خزمەتی کۆمەلانی خەڵك و خاکی کوردستان بکات، بۆ سبەینێیەکی باشتر کوردستانێکی ئاوەدان بۆ هەمووان، بێ جیاوازی، فەراهەم بکات.

لەم چواچێوەیەدا( دیداری یەکێتی) دەیەوێ چەندین تەوەری جێی بایەخی ئێستاو ئایندەی حزبەکەمان، پێداویستی و کێشەو پێشهاتەکانی کۆمەڵگەکەمان، ئەزموونی سیاسی گەلەکەمان تاوتوێ بکات، چونکە پێشهات و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و سەردەم لە ئاستی کوردستان و دەرەوەشدا ئەم هەوڵ و کۆششە تازەیە دەخوازێت. پێویستمان بەوەیە لەهەموو سێکتەرەکاندا، دیدی نوێ و دەسپێشخەری یەکێتیانە بێنینە کایەوە.

هەڤاڵان! با ڕاشکاو بین و بە کراوەیی قسە بکەین، ئێمەی یەکێتی دەمێکە تووشی چەندین کێشەو گرفتی هەمەجۆر بوینەتەوە، کە زۆر جار باجی قورسمان لەسەری داوە، ئەگەر بۆ داهاتوش بە جدی ودڵسۆزانە هەوڵی چارەسەرو تێپەڕاندنیان نەدەین، دوور نییە توشی کێشەو گرفتی گەورەتر نەبین. جگە لەوەش دۆخی تازەی کۆمەڵگاو هەلومەرجی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتی نوێ، پرسیارو کێشەو ئەرك و پێداویستی نوێی هێناوەتە کایەوە، کە وا دەخوازێ دوودڵ نەبین لە گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان. بۆیە پێمان وایە دیالۆگ و گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەی هەڤالانی یەکێتیی لەنێوخۆمان ، هەم گیانی هەڤاڵێتیمان گەرموگوڕ دەکاتەوە و هەمیش جوانترین و بە کەڵکترین بیروباوەڕەکان دەخاتە خزمەت دەسپێکردنەوەیەکی نوێی تێکۆشانمان.

هەڤاڵان! ئەم وتارە بۆ ناساندنی سروشتی دیدارەکەو لەهەمان کاتدا داواکارییەکە لە هەموو هەڤاڵانمان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی بەشدارێکی کارا بن لە دەوڵەمەندکردنی و سەرەنجام لە گەشەپێدان و نوێکردنەوەی گوتاری سیاسیی و فیکری یەکێتی لە دەیەی سێیەمی ئەم سەدەیەدا: سەدەی بیست و یەك.

هەڵبەت زیاتر لە پەنجەرەیەك و پتر لە ڕێو شوێنێکی کراوە هەیە تا بیروڕاکان لە خزمەت دیدارەکە گەڵاڵە دەبن و پێکەوە بیربکەینەوە بۆ خزمەتی دیدو ستراتیجی نوێی یەکێتی.

بەو ئامانجە، پیرۆزانەوە هیوادارین ڕێوشوێنی پێویست بگرینە بەر بۆ ئەوەی دیداری یەکێتی ببێتە دیداری گشت یەکێتییەکان.

هەڤاڵانی خۆشەویست

فەرمون لەم وتارەوە هەڵمەتێکی فراوان دەسپێبکەین، پێکەوە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، پێشمەرگە وتێکۆشەرانی حزبایەتی و خەباتی پیشەیی و دیموکراتی خوێنکاران و لاوان، کچان و کوڕانی ئایندەخواز، ڕۆشنبیران و نوسەران و ئەکادیمیانی ئەندام و دۆستی یەکێتی، کەسایەتییە ئایینی وئابوریناس و وەرزشوانی خەمخۆری کوردستان، کارێك بکەین دیدارەکە بکەینە بۆنەیەك بۆ جۆشدانەوەی حزبایەتی ڕاستەقینە لە پێناوی ئامانجە دوورمەوداکانی حزبەکەی مام دا. دەمەوێت هەموو هەڤاڵان بەشدار بن لە دیاریکردنی سیاسەت و دیدی یەکێتی.

هەروەها لەم وتارەوە دەمەوێت سەکۆی دیداری یەکێتیتان پێ بناسێنم. جگە لە کۆڕو کۆبونەوەکانمان، ئەم سەکۆیەش دەکەینە پردێکی پەیوەندی نێوانمان و زۆرترین دیدو پرۆژەو بۆچونەکان کۆکەینەوە و ئامادەی بکەین بۆ ڕۆژی دیداری یەکێتی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کات و شوێنەکەی دیاری دەکرێن.

# هەتاکو دیدار، بەهیوای دیدار



سالار مەحمود

یەکەم هەنگاو و سەرەتاکان گرنگن، پایەو ڕەگەکان لەقەدو بالاگرنگترن. پایەی یەکێتی خوێنی شەهیدەکانیەتی، پەتی قەنارەی تێکۆشەرو نەعرەتەی داستان و چالاکی پێشمەرگەو ڕێکخستنە دێرینەکانیەتی.. ئێستاش لە دوای پەنجا ساڵ، یەکێتی هەر یەکێتی خەڵکی کوردستانە. هیوای هەموو کوردستانیانە. یەکێتی لەسەر گوێسەوانەی پەنجا ساڵەیدا دووەمین دیدار ساز دەدات و، بەتوێشووی سەردەم و بە خوێنی تازەو وزەی لاوان و بە شارەزایانی بواری سیاسەت و بەڕێوەبردن، تەوژمی زیاتر دەدات بە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حزبایەتی. بۆ ئەوەی دەستی باشتر هێز بگرێ بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی حوکمڕانی.. دیداری ئەمجارە هاوساڵە لەگەڵ یۆبیلی زێڕینی یەکێتی، وێستگەی وەرچەرخانە لە داڕشتنەوەی ڕوئیای سیاسی و ڕێکخستنەوەی پەیکەرو ئۆرگانەکان و بەرەوپێشبردنی حوکمڕانی و داڕشتنەوەی تۆڕی پەیوەندیەکان لەسەر ئەو بنەمایەی یەکێتی حزبی هەمیشەیی کوردو کوردستانە. دەبێ تا گەیشتن بە دیداری چارەنووس دیدار هەر بەردەوام بێت.

یەکەمین دیداری یەکێتی لە ڕۆژگارێکدا بەسترا کە ناوچەکە و عێراق و هەرێم بە بارودۆخێکی نالەباردا تێدەپەڕی گەورەترین دەستکەوتی دیداری یەکێتی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی بەدوای خۆیدا هێنا هەر بۆیە لەکەرکووکی قودسی کوردستانەوە و لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا بەسەرۆکایەتی سەرۆك باڤڵ تاڵەبانی بڕیاری بەستنی کۆنگرەی (٥)هەمی یەکیتی درا مەگەر تەنها ئەوە لە یەکێتی چاوەڕوان بکرێت کەلەڕۆژگارێکی وەهادا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی پێش وەختی حزبەکەی بدات دەرئەنجام بەستی وەك چۆن یەکەمین دیداری یەکێتی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووی بەدوای خۆیدا هێنا..



ئەکرەم ساڵەح

ئامانجی ڕێکخراو ئەوەیە داکۆکی بکات لەبەرژەوەندی مافی گشتی ، هۆشیارکردنەوەی تاك لە هەموو ڕوویەکەوە ، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەپێی ئەو پرۆژەی ڕێکخراو هەیەتی ، دروستبوونی یەکسانی لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای عەدالەت ،ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەبینێت لەدەرخستنی کێشەو پێویستیەکان و چالاکیە جۆراوجۆرەکان کەدوو ڕۆڵی زۆر گرنگن.



ئومێد شێخ لەنگەری

# دیداری یەکێتی و پرسی ڕێکخستن وکاری جەماوەری



محمد نوری زۆراب

ڕێکخستن وەك چەمك میتۆدێکە یان ڕایەڵەیەکە یان ئەکرێت بڵێین ئامرازێکە چالاکیەکانی عەقڵی مرۆ ئاراستەی ئامانج دەکات،دەرەنجام ڕەنگدانەوەی چاك یان خراپی لێدەکەوێتەوە، ڕێکخستنی حزبیش هەمان بنەمای چەمکی گشتی ڕێکخستنی هەیە بەڵام ڕەنگدانەوەوکاردانەوەی لەکاتی پیادەکردندا دەرئەکەوێت،ڕێکخستنی حزبی بنەمایەکی سەرەکی چالاکی حزبیە بۆگەیشتن بەئامانج هاوکاتڕێکخستن پەی بردنەبەدۆزینەوەی ڕێگاچارەجۆراوجۆرەکانی کارکردن وبنیادنانەوەی ڕایەڵەی پەیوەندیەکی باش وگشتگیر لەنێوان ئەندامانی حزبدا بۆگەیشتن بەئامانج.. دیداری یەکێتی پێویستەشەنوکەوی بابەتیانەی پرسی ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی و جەماوەری خۆی بکات،بەڕەچاوکردنی پێگەو مەکانەتی یەکێتی لەدەسەڵات و زەرووڕەتی بوونی یەکێتیەکی بەهێز بۆ ڕێکخستنەوەی هاوسەنگی و بەگژداچوونەوەی جیاکاری وقۆرخکاری سیاسی وئابووری وچەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی و بەدیهێنانی دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابوری. دیداری یەکێتی ئومێدێکی گەورەی بەخشیوەتە ئەندام ولایەنگرو جەماوەرو کادیرانی یەکێتی، پێویستە بابەتیانەبیر لەگۆڕینی شێوازی کاری ڕێکخراوەیی وجەماوەری خۆی بکاتەوە نەخشەڕێگاومۆدێلێکی نوێی حیزبایەتی پەیڕەو بکات،بۆئەوەی بتوانێت جەماوەروڕێکخستنەکانی خۆی بۆهەرپرسێك بەئاسانی بۆکۆنترۆڵ بکرێت بەتایبەتی بۆهەڵبژاردن ، چونکە یەکێتی تەنهابەمسۆگەرکردنی دەنگی جەماوەرو ڕێکخستنەکانی خۆی توانای سەرکەوتنی گەورەی لەهەڵبژاردنەکانداهەیە،یەکێتی بەڕێکخستنەوەی جەماوەرو ڕێکخستنەکانی خۆی توانای فشارو ئاراستەکردنی ڕایگشتی هەیەبۆهەرپرسێك. بۆیە دیداری یەکێتی پێویستە زۆرترین ڕاوێژبکات بەخەڵکانی پسپۆڕو کەسانی بەئەزموون وقاڵبووی کاری ڕێکخراوەیی لەناو ئۆرگانەحزبیەکان و لەدەرەوەی ئۆرگانە حزبیەکان تادەگاتە ئاستی ڕاوێژکردن بە هێزە سۆسیال دیموکراتەکانی دەستەخوشکی یەکێتی بۆئەوەی لەتواناو ئەزمونەکانیان سودمەندبێت.دیداری یەکێتی پێویستە بەدوای وەڵامی چەندین پرسیاری ڕۆژانەی کادرو ڕێکخستن وئۆرگانەکانیدابگەڕێت کە چۆن والەئۆرگانەکانی پۆل وکەرت وکۆمیتەو مەڵبەندو ناوەندەکانی تری ڕێکخراوەپیشەیی و سەندیکاییەکانی خۆی بکات ڕۆڵ وکاریگەریان هەبێت لەسەر هەستانەوەو گەشەکردنی یەکێتی ؟ چۆن ئۆرگانەکان بکرێنە ناوەندێك بۆکۆکردنەوەی جەماوەری یەکێتی ؟ یەکێتی پێویستی بەچی جۆرە فۆرمێکی ڕێکخستن هەیە، بۆئەوەی ڕێکخستنەکانی لەسەربنەمای وێستگەو بنکەو ناوەندەکانی دەنگدان ڕێکبخاتەوە؟ یەکێتی چۆن هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو خانەنشینی پێشمەرگەوشارستانی و ئەوانەی ئەندامی یەکێتین لەفۆرمێکی نوێی ڕێکخستنداڕێکیان بخاتەوە؟یەکێتی چۆن لەکاتی پێویستدا سوود لەهێزو توانای ڕێکخستن و جەماوەری یەکێتی وەربگرێت بۆهەرپرسێك کەبەپێویست بزانرێت بەپرسی هەڵبژاردنیشەوە ؟

ل دیداری یەکێتیدا ئەوەی وەك ناسنامەی ڕاستەقینەی یەکێتی خۆی نمایش دەکات کۆبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵك و کادیرانی حزب و حکومەت و ڕۆشنبیران و نوسەران و ڕاگەیاندکاران و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان، لە چەندین لیژنە و تەوەری جیاوازدا، گفتوگۆی پلان و ستراتیژی کارکردن و سیاسەتی ئایندەی یەکێتی دەکەن لەهەموو بوارەکاندا.



کاروان محەمەد حەسەن

# دیداری یەکێتی و سەرنجی تر..



دکتۆر عەدالەت عەبدوڵڵا

ومان لەپەرۆشیی ئەو هەڤاڵانە ناکرێت کە سەرپەرشتیی دیداری یەکێتی دەکەن. ئەو هێزە مرۆییەش کە لەسنورە جیاجیاکاندا بەشداردەبن بەو ئومێدەوەیە کە یەکێتی رۆڵی لەگۆڕەپانی ناوخۆو دەرەوەدا بەهێزتربێت، ئەوەش پێویستیی بەوەیە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکاندا بڕوات، چ بەهەڵوێست و بڕیاری سیاسی، چ لەو ململانێیانەی کە بەرۆکی حزبەکە خۆی و کوردو عیراقیش دەگرن.

نایشارینەوە کە ئەرکەکان بۆ یەکێتی سەختن. لە رووی رێکخراوەییەوە، کەموکوڕی و درزێی زەق هەن کە سەرەڕای هەوڵدان بۆ جڵەوکردنیان، بەتایبەتی لەدوو سێ ساڵی رابردوودا، بەڵام هێشتا کۆتاییان نەهاتووە. دیارترینیان میکانیزمی بڕیاری سیاسییە لەیەکێتی و هەڵوێستوەرگرتنە لەرووداوەکان کە تا ئەمڕۆ، وەك پێویست، دامەزراوەیی نین. لەم رووەوە، دەتوانرێت لە پەرەگراف یەکێك لەکاراکتەرە سەرەکییەکانی دیداری یەکێتی، کە د.یوسف گۆران-ە، تێبگەیت کاتێك رەخنەگرانە دەنووسێت: «چیتر ناکرێت بڕیارەکان لەبازنەیەکی تەسکی سەرکردەکانی یەکێتیدا سنورداربکرێن»، بەتایبەتی کە ئەم حزبە کادری خوێندەواری زۆری هەیە، زۆرجار ئەو کادرانە پرسیان پێناکرێت، یان لە بۆنە حزبییەکاندا میواندارییەکی رەمزیی دەکرێن و تێز و رەخنەیان رەچاوناکرێن، کە ئەمەش دەشێت هەرخۆی هۆکارێکی ساردبوونەوە بێت لەوەی دەرفەتیان هەبێت رۆڵبگێڕن، بەتایبەتی ئەو کادرە نەوعییانەی کە پسپۆڕی بوارە جیاجیاکانن، کەسانێکن دیدی رەخنەگرانەیان بۆ ئەزموونی حزبایەتی و دۆخی یەکێتی هەیە، وەك ئەوانە نین کە دەشێت بۆ بەدەستهێنان یان پاراستنی پۆست و پایە، نەیانەوێت سەرکردەکان لەخۆیان دڵگران و تووڕە بکەن!.

کێشەیەکی تر، ئاسەواری دەستەگەرییە کە هێشتا ماوەو دیدار لەسەرەتای جڵەوی بکات. بێگومان هەڵوێستی توندی سەرۆکی یەکێتی لەم بارەیەوە جێی دڵخۆشییە، بەڵام واپێویستە کە شۆڕبکرێتەوەو ببێتە هەڵوێستی تەواوی بڕیاربەدەستان، چونکە دیاردەکە ئێستا لەژێر ناوی تردا بەڕێوەدەچێت!، ناوچەگەری، تیمی برادەران، کۆن و نوێ، گەنج و پیرو کۆمەڵێك دوالیزمی تر، کە بەداخەوە، بەگشتی، کراونەتە ماسکی فۆرمێکی تر لەدەستەگەری و دەبێت بخرێنە ژێر چاودێرییەوە، دەنا دەبێتە سەرچاوەی تری مەحسوبییەت و زیاندان لە سەدان و هەزاران کادرو ئەندامی پەرۆش کە دەزانن حزبەکەیان، لەسایەی ئەو دیاردەیەدا، زیانی گەورەی پێگەیشتووە.

پرسێکی تر، میدیاو رێکخراوەکانی سەربە بەرپرسانی یەکێتییە. هەر بەراستی، ئەو هەموو پارەیە لەکوێ دەهێنرێت کە لەتەمویلکردنی چەندین رێکخراو و دەزگای میدیایی سەربەردا خەرج دەکرێت بەبێ ئەوەی نە لەکۆنگرەو نە لەدیدارەکاندا جەدواو قازانجی سیاسییان روونبکرێتەوە؟ دیدار چۆن قبوڵی دەکات ئۆرگانە میدیاییە رەسمییەکانی یەکێتی خۆی گرفتیان هەبێت، کە لەخۆشی و ناخۆشییەکاندا مەترێزێکی بەهێزی پاراستنی حزبەکەن، کەچی هەڤاڵانی کاربەدەست پارەی خەیاڵی بە سەر رێکخراو و میدیای سێبەرو بەکرادیدا برژێن کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا زۆربەیان دەنگ بە حزبەکەش نادەن؟.. ئەوانەو زۆر دۆسێی ترکە پڕ بەدڵ هیوادارین دڵسۆزانی ناو دیداری یەکێتی هەم باس و هەم چارەسەریان بکەن.

# دیداری یەکێتی ..
## وێستگەیەکی ستراتیژی بۆ نوێبوونەوەی حزب



گەرمیان شێروان شێرەوەندی

دیداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان — وێستگەیەکی ستراتیژی بۆ نوێبوونەوەی حزبی و راپەڕاندنی ئەرکە سیاسییەکان..

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، وەك حیزبێکی مێژوویی و کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسیی کورددا، بەردەوام هەوڵی خۆنوێکردنەوە و گونجاندنی ستراتیژییەتەکانی لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکانی سەردەم دا داوە.

لەم چوارچێوەیەدا، دیداری یەکێتی وەك میکانیزمێکی گرنگ بۆ گفتوگۆی نێوخۆیی، هەڵسەنگاندنی رابردوو، دارشتنی ستراتیژی نوێ و یەکخستنی دیدگا لەسەر پرسە هەنووکەییەکان سەیر دەکرێت.. دیداری یەکێتی، بە سەرپەرشتی هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی و تیمێکی شارەزا بەڕێوەدەچێت، دیدار شێوازێکی نوێی خۆڕێکخستنەوەی حزبییە، ئەم دیدارە لە دوای کۆنگرە وەك وێستگەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت، دەرفەتێکە بۆ بەشداریکردنی ئەندامان و هەڤاڵانی یەکێتی لە سەرانسەری کوردستان، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆیەکی مەنهەجیدا بەشداری بکەن لەسەر پرسە سیاسی و راماریەکاندا، یەکێتی دەیەوێت دیداری دووەم لەم ساڵدا رێکبخات بۆ دیاریکردنی دیدی خۆی بۆ پرۆژە و بینینی حکومڕانی یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی دیدار یەکخستنی دیدگای ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتییە لەسەر پرسە هەنووکەییەکان. ئەم یەکخستنە دەتوانێت هێز ببەخشێت بە یەکێتی بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەرتری هەبێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا، پێویستە لەم دیدارەدا هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ رابردووی یەکێتی بکرێت، دەستکەوتەکان دەستنیشان بکرێن و هەڵەکان راست

# دیداری یەکێتی ..
## بەدیدگایەکی نوێ بەهێزی و بەرەوپێشچوون و خزمەتگوزاری



بەمۆشێخانی

کەشتیی دیداری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، دەگاتە گەرمیان و گەرمەسێر بەسەرپەرشتی قوباد تاڵەبانی لێپرسراوی سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال و بەدرووشمی "بەدیدگایەکی نوێ" بەهێزی و بەرەوپێشچوون و خزمەتگوزاری" دەستپێکرد. ئەمڕۆش گەرمیان و گەرمەسێر لانکەی خەبات و تێکۆشان مەڵبەندی کوردایەتی و قەڵای سەوزی یەکێتی کە باوەش بۆ دیداری دووەم دەکاتەوە لە سەرجەم چین و توێژەکان و پێکهاتەکان بە ئومێدەوە بەشدار دەبن لە بەرنامە و خۆڕێکخستنەوەو ئامادەکاری بەرەوە سەرکەوتن دیداری یەکێتیی شێوازێکی مۆدێرنە بۆ خۆڕێکخستنەوە لە دوای کۆنگرەوە، ئەم دیدارە بە وێستگەیەکی گرنگ دادەنرێت.. هەڤاڵانی یەکێتیی لە ناوچەکانی خۆیان کۆنفراس بۆ دیدار رێکدەخەن، کە سەرجەم هەڤاڵانی ئەو شوێنانەش بە شدار دەبن لە دارشتن و نوسینەوەی راسپاردەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداربوونی بەشێکی زۆری هەڤاڵانی یەکێتیی لە دارشتنەوەی بەرنامە و ستراتیژی کە دواتر راسپاردەکان بە شێوازێکی رێکخراو لە تەواوی دەڤەرەکانی کوردستانەوە بەشێك لە هەڤاڵانی یەکێتیی لە هەر ناوچەیەك ئامادە دەبن لە دیداری گشتی یەکێتییدا،

کە پێکەوە میکانیزمی گونجاوی سەردەمیانە دادەڕێژن بۆ رێکخستنەوەی پەیکەری حزب و دارشتنەوەی سیاسەتی یەکێتیی لە سەرجەم بوارەکانی حزبایەتی و حوکمڕانی و رێکخراوەییدا.

دیداری یەکێتی کارێکی سەردەمیانەی مۆدێرنە،کە تیایدا گشت ئاست و پلە باڵا و مامناوەند و ئۆرگانەکان ئەرکدار دەکات بۆ راپەڕاندنی ئەرکی سیاسی ئەم قۆناغە مێژووییەی یەکێتی کە لە دیداری یەکەمەوە بەچەند قۆناغێکی سەرکەوتوودا تێپەڕبووە،وەك (هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ناوچەدابڕاوەکان و دانانەوەی پارێزگارێك بۆ کەرکوك و سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ خولی شەشەم) .



ڕویا و تێڕوانین بۆ حکومڕانی باش بریتییە لە چەمکێکی گرنگ کە پێویستە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە تازە لە شەڕ و ناڕەحەتییەوە دەرچوون، وەك کوردستان، بە کاری بهێنرێت. حکومڕانی باش بریتیە لە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی یاسایی، دادپەروەرانە و بە بەرژەوەندی گشتی، بۆ ئەوەی حکومڕانی باش بەدی بکرێت، پێویستە چەندین ڕویا و تێڕوانین جێبەجێ بکرێن.

**دکتۆر( ئاراس فەریق زەینەڵ )**
سەرۆکی زانکۆی گەرمیان



دیدار بۆ زیندوو هێشتنەوەیە ، بۆ پێداچوونەوەو برەودانە بە بەرنامەو پرۆگرام و دیدو بۆچوونی حزب دەربارەی سێکتەرە جیاوازەکان، ئاشکرایە لای هەموان دونیا لەگۆڕانکاریەکی خێرا و بەردەوامدایە ، هەموو شتەکان لەگەڵ خۆی دەگۆڕێت وەك چۆن پێداویستیە لۆجستیەکان دەگۆڕێن دونیابینیش دەبێ بگۆڕێت ئامانجی دیدار هەر ئەمەیە .

**دکتۆر ( چیا محەمەد حەسەن )**
سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی گەرمیان



لام باشە دیداری یەکێتی بایەخ بە پێگەی ژن بدات لە ناو ئۆرگانەکان، چونکە بە ژمارە و ڕێژە بوونی ژنان زۆر کەمە لە ئۆرگانەکان. داواکارم ئەم گرفتە لە دیدار گفتوگۆ بکرێت.
هەموومان دەزانین ژنان لە چالاکیەکانی هەڵبژاردن و بانگەشەکاندا ڕۆڵی زۆریان بینیوە، هەروەها ژنی زۆر باش هەن بەرپرسیارێتی وەربگرن بەڵام دەرفەت وەکو پێویست نەدراوە.

**نیان یاسین ساڵەح**



دیدار ویستگەیەك بۆ بڕیاردانی بوێرانە.. دیدارێك تێکەڵ بە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستان کە هێمایە بۆ ئازایەتی وهزری بڕیاردان لای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلایەك، و یادی کیمیابارانی هەلەبجەی شەهیدو کۆرەو شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال وەك ڕەمزی بەخشین و بەرخۆدان لەلایەکی تر.

**دلێر عەبدوڵڵا**

## گروپی بانان هاوڕێکانیان لە یاد ناکەن

گروپی بانانی شاری خانەقین لە نزیك داری خلە لەسەر ئەرك و تێچووی خۆیان، مۆنۆمێنتێکی شایستە بۆ شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە دروست دەکەن و لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرجەم کارەکانی ئەو پرۆژەیە تەواو دەبێت.






Patriotic Union Of Kurdistan
Presidency

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سەرۆکایەتی
الاتحاد الوطني الكوردستاني
الرئاسة

ژمارە: ٨٣
ڕێکەوتی: ٢٠٢١/١٢/٠٩

**بڕیار**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی پێماندراوە لەپەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) بڕیارماندا بەڕاسپاردنی هەڤاڵ ( قوباد تاڵەبانی ) سەرپەرشتیاری مەکتەبی سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بۆ سازدانی ( دیداری یەکێتی ) لەپێناو دروست کردنی دید و سیاسەت و پرۆژەی یەکێتی لەسێکتەرە جیاوازەکاندا .

بافڵ تاڵەبانی

وێنەیەك :
- بەڕێز/ سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی .
- بەڕێز / دەستەی کارگێڕی .
- بەڕێز / مەکتەبی سیاسی .
- بەڕێز / مەکتەبی سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال .
- ئەرشیف

# لە نێوان دوو دیداردا..
# ژنانی یەکێتی لە گەرمیان چییان گەرەکە ؟

**تابان شێخ عەبدوڵڵا گەرمیانی**

یەکێتی وەك حزبێکی زیندوو، هەمیشە بڕوای بە وزەو توانای سەرجەم چین و توێژەکان هەبووە و لە پانتایی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیدا بەشداریی پێکردوون و ڕۆڵی پێداون، لەو چوارچێوەیە شدا توێژی ژنان هەیە کە لە مێژووی ڕووداوەکانی ناو ئەم حزبەدا ڕۆڵ و پێگەی دیاری خۆیان هەبووە. خۆ لە چاو بە شداریکردنی ژن لە حزبەکانی تری باشووری کوردستانیشدا، ژنانی ناو یەکێتی لە سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگادا هەمیشە پێشەنگ بوون، هەر بۆیە کە باسی ڕێچکەشکێنیی ژنان دەکرێت لە باشووری کوردستان، یەکسەر ژنانی ناو ئەم حزبە چەپ و دیوکراتخوازە پشکی گەورەیان لەو پێشکەوتنە بەردەکەوێت و لە تۆمارکردنی سەرکەوتنی گەورەو گرنگدا شوێنیان دیارە.
ئەم پشتیوانییەی یەکێتی لە ژن وەك پرانسیپ بە درێژایی مێژووی خۆی بە رابەرایەتیی سەرۆك و رابەری کۆچکردوومان خوا لێخۆشبوو مام جەلال بووە و بە کردەیی کاری لە سەرکردووە، ئەمە بۆتە ماڵ و کەلەپورێك بەسەر ئەم حزبەوە، لە هەر شوێنێك و ویستگەیەك ئەم ڕەوت و مەبدەئە روو لە کزی و پاشەکشێ بکات چ جای لە ناوخۆی یەکێتیدا، هەر زوو دەبێتە مایەی ڕەخنە و بە پشتکردنە ئەو مەبدەئو مێژووەش پێناسە وباس دەکرێت، بەڵکو لە دەرەوەی ئەم حزبەیش دەبێتە مایەی هێمایەك لەسەر دروشم و ئامانجەکانی یەکێتی، جا بۆیە بۆ ئەوەی ئەم کاروانی سەرکەوتن و پێشنگایەتییە بەردەوام بێت و بۆ ئەوەی گەشەی زیاتر بکات، پێویستە بە هەموو بە ژن و پیاوەوە لە دووهەم دیداری یەکێتیدا پەنجە بخرێتە سەر ئەو خاڵانەی کە بوونەتە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەو بەشداریی ئێستای ژنان لە ناو ریزەکانی ( ی .ن .ك )دا، بەتایبەتی لە سنوری گەرمیاندا کە لە ئاست خەبات و قوربانданی مێژووی ژنانی گەرمیاندا نییە، بۆ ئەمەیش لە دووهەم دیداری یەکێتی لە گەرمیاندا پێویستە ژنان خۆیان خاڵ بە خاڵ پەنجە بخەنە سەر هۆکارە ناوخۆی و دەرەکییەکانی ئەم حاڵەتە و لە هەمان کاتیشدا چارەسەرەکانیش دەستنیشان بکەن، چونکە دۆخی ژنان لە گەرمیان زۆر تایبەتترە لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جۆگراف و قوربانیدانیشەوە، بەتایبەتی لەچاو دۆخی ژنان لەناوچەکانی تری کوردستان و ژنان لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا.



پێویستە لەسەر ڕێچکەی سەرۆك مام جەلال بایەخی جدی نەك بە پێگەی ژن بەڵکۆ ماف و ئازادییەکانیان بدرێ و پشکیان بە شایستەیی هەبێ لە بەڕێوەبردنی یەکێتی لە پۆستەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا حسابی شایستەیان بۆ بکرێت، نەك بە کۆتا جێگەیان پێ پڕبکرێتەوە.

**سەحەر یاوەر**

